# گڵكەند


Kurdistan Chronicle

بڵاوكراوەیەكی گشتییە، دامەزراوەی كوردستان كرۆنیكڵ دەریدەكات

ژمارە (٩)

سێشەممە ٢٠٢٥/١/٢٨


## قەیسەری دەبێتە دوو نهۆم



دیمەنێكی نهۆمی یەكەم و دووەمی كۆڵانی بەرگدرووانی قەیسەریی هەولێر

وێنە: رێبەند سەعدوڵا



وێنە: ئێڤاتۆ

له شاری هەولێر 32 هەزار تاکسی هەن

# تاکسیی مەتر لە کوردستان کۆتایی بە مامەڵەی ڕێبوار و شوفێر دێنێت

**هەژار مەجید**

چیی تر لە هەرێمی کوردستان بەمیزاجی کەسی، نرخی کرێی گواستنەوە دیاری ناکرێت، بەڵکو لەمەودوا لە ڕێگەی تاکسیی مەترەوە، مافی خاوەن تاکسی پارێزراو دەبێت و سەرنشینیش لە نرخی گواستنەوە بەرچاوی ڕوون دەبێت.

وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ کۆنترۆڵکردنی نرخی گواستنەوەی سەرنشین بە تاکسی، سیستەمی تەکسیی مەتر جێبەجێ دەکات، بۆ ئەو مەبەستە لە پارەوە ڕێنماییی تایبەتی دەرکردووە، تاکو لە داهاتوودا ماف و شایستەیەکانی شوفێری تەکسی و سەرنشین پارێزراو بن.

ڕێباز محەمەد بەڕێوەبەری گشتیی گواستنەوەی هەرێم بە (گڵکەند)ی ڕاگەیاند دەیانەوێت هاوشێوەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان، لە ڕێگەی سیستەمی تاکسیی مەترەوە کە سیستەمێکی مۆدێرنە لە بواری گواستنەوەدا، پەیڕەو بکەن.

ئامانجی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە لە ڕێگەی ئەم پرۆژەیەوە چیی تر بەمیزاجی کەسی نرخی کرێی گواستنەوە دیاری نەکرێت، مافی خاوەن تەکسی پارێزراو بێت و سەرنشینیش لە نرخی گواستنەوە بەرچاوی ڕوون بێت. ڕێباز محەمەد ڕوونی کردەوە کە ساڵی ڕابردوو ڕێنمایییەکی تایبەتیان بە پرۆژەی تاکسیی مەتر لە هەرێمی کوردستان دەرکرد و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو کرایەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی نێوەخۆیی لە گفتوگۆدان تاوەکو بتوانن بەم نزیکانە ئەم خزمەتگوزارییە بۆ هاووڵاتییان بەردەست بێت.

لەبارەی ئەوەی کە ئەو خزمەتگوزارییە تەنها بۆ تەکسییەکانی ناو سەنتەری شارەکانە یاخود تەکسییەکانی دەرەوەی شارەکانیش دەگرێتەوە، دەڵێ لە هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان ئەو سیستەمە پەیڕەو دەکرێت، بەگشتی ٧٢ هەزار تاکسی لە هەرێمی کوردستان هەن، تەنها لە شاری هەولێر ٣٢ هەزار تاکسی هەن، بەناوەوە و دەرەوەی شار.

هەروەها دەڵێت، تاکسیی مەتر تایبەتە بەو تاکسییانەی کە لە سەنتەری شارەکان کار دەکەن، چونکە لە سیستەمی گواستنەوەی هەموو وڵاتانی جیهان تاکسیی ڕێگاکانی دەرەوەی شار بە مەتر نییە، بەڵکو لیژنەی تایبەتمەند نرخی گواستنەوە دیاری دەکات.

لەبارەی نرخی گواستنەوەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ستاندارێکی جیهانی هەیە بۆ دیاریکردنی نرخ، کە خۆی لە کات و دووریی شوێن دەبینێتەوە، بەپێی ڕێنمایییەکە سزای ماددی بۆ ئەو شوفێرە دیاری کراوە ئەگەر بیەوێت ڕێگاکە دوور بکاتەوە بۆ ئەوەی کرێی زۆرتر لە سەرنشین وەربگرێت، هەروەها دەڵێت، بەهۆی جێگیر نەبوونی نرخی بەنزین ناتوانرێت کرێیەکە بەجێگیری دابنرێت، بەڵام سیستەمەکە کۆنترۆڵە لە کاتی بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی نرخی بەنزین بەکەمترین ماوە دەتوانێت نوێ بکرێتەوە و گۆڕانکاری لە نرخ بکات.

ئەو بەڕێوەبەرە گشتییە نرخی ئامێرەکەش ئاشکرا دەکات و دەڵێت، کوالێتی ئامێرەکە زۆر باشە و بەرگەی کەشی گەرمی هاوین دەگرێت، نرخەکەی نزیکەی ٣٠٠ هەزار دینار دەبێت، بڕیاریشە بە لەبەرچاوگرتنی باری دارایی شۆفێران، ئامێرەکە بەشێوەی قیست بە شۆفێران بدرێت، دەشڵێت، هەوڵ دەدرێت لەم ساڵدا سیستەمی تاکسیی مەتر لە سەنتەری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بچێتە بواری جێبەجێکردن.

# چەند گەنجێکی خۆبەخش لە مەخموور عەناب دەچێنن

**گڵکەند**


چەند گەنجێکی مەخموور خۆبەخشانە دەستیان بەناشتنی سەدان ناوکی میوەی عەناب کردووە لە بناری چیای قەرەچوخ، خاوەنی بیرۆکەکە دەڵێ لە کوردستان میوەکەیان دەست نەکەوت، لە ئێران پەیدایان کرد.

نیاز قارەمان خاوەنی بیرۆکەکەیە و لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دەستی بەزنجیرەیەک هەڵمەتی ناشتنی ناوکی میوەکە کردووە لە سنوورەکە و دەڵێ ئەو دارە بۆ ماوەی درێژخایەن پێویستی بە سەرپەرشتی نییە، بۆیەش میوەی عەنابیان هەڵبژاردووە، چونکە زۆر بەسوودە.

دەشڵێ دوای چاندنی نەمامی عەناب، بۆ ماوەیەکی کەم تا ڕەگی دادەکوتێ، پێویستە سەرپەرشتی بکرێ و ئاو بدرێت، دواتر کە خۆی گرت، پێویستی بە ئاودان و سەرپەرشتی نامێنێ.

ئەو گرووپە لە گەنجی خۆبەخش پێش ماوەیەک لە یەکەم هەڵمەتدا ٣٠٠ ناوکە عەنابیان چاندبوو، لە هەر چاڵێکدا دوو تا سێ ناوکیان ناشتبوو، لە دووەم هەڵمەتیشدا کە بەر لە چەند هەفتەیەک ئەنجامیان دا، زیاتر لە ٨٠٠ ناوکە عەنابیان ناشتووە. لە هەڵمەتی تریشدا دەیان ناوکی میوەی وەکو قەیسی و توویان چاندووە.

عەناب درەختێکی دڕکاوییە، هێندەی داری زەیتوونە و تا هەشت مەتر بەرز دەبێت، ڕووبەری سەوزاییی بەرفراوان دروست دەکا و هەندێکیان باریک و ڕاست و درێژن، هەندێکیشیان خوار دەبنەوە و لق و پۆپی زۆریان لێ دەبێتەوە، گەڵای وردە و لە گەڵای زەیتوون گەورەترە، لە بێ ئاوی و گەرمای زۆردا خۆڕاگرە، لە چەند شوێنێکی کوردستاندا هەن، بەرەکەی دەیان سوودی هەیە و وەکو دەرمانیش بەکار دێت، لەوانەش یارمەتیدەرە بۆ کەمکردنەوەی مەترسیی شێرپەنجە، بۆ چارەسەری کەمخەوی و نەخۆشیی گەدە و ڕیخۆڵەش بەکار دێت.









وێنە: نیاز قارەمان

## لە چوار گەڕەکی دیکە دەست پێ دەکات

# کارەبای 24 کاتژمێری هەرزانترە





وێنەکان: محەمەد شوانی

هەژار مەجید

«کرێی کارەبای ٢٤ سەعاتی زۆر هەرزانترە لە کرێی موەلیدە و ڕەئیسی، خانییەکەی من ٢٠٠ مەترە، ئەوە پێنج مانگە کارەبایەکەمان بوویتە ئەو ٢٤ سەعاتییە، لەو ماوەیەی بەهەمووی ١٥٨ هەزار دینارم لۆ هاتیتەوە.»

ئەمە قسەی دانیشتوویەکی گەڕەکی شادیی شاری هەولێرە، کە (پرۆژەی ڕووناکی)، واتا کارەبای ٢٤ کاتژمێری، لە گەڕەکەکەی ئەوانەوە دەستی پێ کرد.

لە سەرەتای ئەم پرۆژەیە، گەڕەکی شادی وەک قۆناغێکی ئەزموونی هەڵبژێردرا، بۆ ئەوەی بزانرێت تا چەند پرۆژەکە سەرکەوتوو دەبێت.

دوای دڵنیابوون لە سەرکەوتنی پرۆژەکە، لە قۆناغی دووەمدا پرۆژەی ڕووناکی لە گەڕەکەکانی نازناز، بەختیاری و سەربەستیی شاری هەولێر چوونە بواری جێبەجێکردن و ئێستا کارەبا لەو گەڕەکانە ٢٤ کاتژمێرییە.

بەشێک لە هاووڵاتییانی ئەو گەڕەکانە قسەیان بۆ (گڵکەند) کردووە و بەگرینگییەوە لە پرۆژەکە دەڕوانن و دەڵێن، ئەو بڕە پارەیەی کە لە بەرامبەر پێدانی کارەبای ٢٤ کاتژمێری لێیان وەردەگیرێت، نیو هێندەی ئەو بڕەیە کە بە هەردوو کارەبای نیشتمانی و موەلیدە ئەهلییەکان لێیان وەردەگیرا، وەک خۆشیان ئاماژەی بۆ دەکەن، جگە لەمەش سیمای ئەو گەڕەکانە جوانتر بووە، بەهۆی نەمانی وایەر و بۆردی سرکێتی موەلیدە ئەهلییەکان.

ستار سابیر، دانیشتووی گەڕەکی شادییە، ماوەی پێنج مانگە کارەبای ماڵی ئەوان بووەتە ٢٤ کاتژمێری، لە بارەی بڕە پارەی پرۆژەی ڕووناکی دەڵێت، کرێی کارەبایەکە لە ماڵێکەوە بۆ ماڵێکی تر جیاوازە، بەپێی ڕێژەی ژمارەی بەکارهێنانی ئامێرە کارەباییەکان دەگۆڕێت، دەشڵێت، «ئەمن ئەو مانگەی ٦٠ هەزار دینارم لۆ هاتیتەوە، پێشتر مانگی وا هەبوو بە کرێی موەلیدە و کارەبای ڕەئیسی تەقریبەن ١٢٠ هەزار دینارم دەدا".

عەدنان محەمەد دانیشتووی گەڕەکی شادیی شاری هەولێرە و پێی وایە کرێی کارەبای ٢٤ کاتژمێری زۆر هەرزانترە لە کرێی موەلیدە و (ڕەئیسی)، خانووەکەی ٢٠٠ مەترە، پێنج مانگە کارەباکەیان بووەتە ٢٤ کاتژمێری، بەو ماوەیە ١٥٨ هەزار دیناری داوە، دەڵێ پێشتر مانگانە ئەوەندەی دەدایە موەلیدە و ڕەئیسی. هەروەها لەبارەی مەترسیی کارەبای موەلیدەوە دەڵێ «مندارەکم لە وەختی سرکێت لێدانەوەدا دوو جار کارەبا گرتیتی، خوا ڕەحمی کرد هیچی لێ نەهات، برام؛ مانگی ملیۆنەکیش بی موشکیلە نییە، بەس مارومندارمان سەلامەت بی، خوا دەیزانی کارەبای موەلیدە هیچ ئەمانی نەبوو".

سەیفەدین خدر، دانیشتوویەکی تری گەڕەکی شادییە، باس لە دیوێکی تری پرۆژەی ڕووناکی دەکات و ئاماژە بەوە دەکات پێشتر سیمای کۆڵان و شەقامەکانی گەڕەکی شادی زۆر ناڕێک بوو، بەهۆی زۆریی وایەری موەلیدەی ئەهلی، هەندێک جار شۆرتی دەکرد یان لۆری بە کۆڵانێدا دەهات خۆی لێ دەدا و وایەرەکانی دەپچڕاند، مەترسیی لێ دروست دەبوو، هەروەها ژینگەی گەڕەکەکەیان زۆر پیس بوو، بەهۆی دووکەڵی موەلیدەکان و دەنگێکی بێزارکەریشی هەبوو، بەڵام دوای گەیشتنی کارەبای ٢٤ کاتژمێری دۆخەکە گۆڕا.

هەروەها باس لەوە دەکات کە "کرێی کارەبای ٢٤ کاتژمێری بەنیسبەت ئەو سەردەمەی گران نییە، بەڵام ئەگەر گرانیش بی چ سووم لێ نییە، چونکە ژینگەی خاوێن کردیتەوە".

لای خۆیەوە نیهاد نورەدین، دانیشتووی گەڕەکی بەختیاری، ماوەی دوو مانگە پرۆژەی ڕووناکی گەیشتووەتە گەڕەکەکەیان، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لەم ماوەیە هیچ گرفتێکی کارەبایان نەبووە، ئەوەی کە گرینگە بەپێی پێویستی کارەبا بەکار دەهێنن، دەشڵێ لەم وەرزی زستانە گەرمکەرەوە وەکو (سپلیت و هیتەر)یان بەکار هێناوە. بۆ مانگی یەکەمیش حکوومەت ٥٠٪ داشکانی بۆ کردوون و تەنها ٣٥ هەزار دیناریان داوە.

کامەران عەلی، دانیشتووی گەڕەکی سەربەستیی شاری هەولێرە، لە بارەی پرۆژەی ڕووناکییەوە دەڵێ «پێشتر ٦ ئەمپێر کارەبای موەلیدەی ئەهلیم هەبوو، مانگانە نزیکە ١٢٠ هەزار دینار کرێی کارەبام دەدا، کارەبای نیشتمانییش نزیکەی ٣٠ هەزارم دەدا، بە هۆردووکیان دەبووە ١٥٠ هەزار دینار، ئەوجا پێویستییەکانی مارێشی پڕ نەدەکردەوە.» دەشڵێ لە کاتی گۆڕینی کارەبای موەلیدە بۆ نیشتمانی بەرزی و نزمی لە ڤۆڵتیە دروست دەبوو، هەندێک جار دەبووە هۆی سووتان و لەکارکەوتنی ئامێرێکی کارەبایی، بەڵام لە کارەبای ٢٤ کاتژمێری ئەو مەترسییە نامێنێت.

پرۆژەی ڕووناکی ڕۆژ دوای ڕۆژ فراوان دەکرێت، تا ئێستا چوار گەڕەکی هەولێر کارەکانیان گەیشتوونەتە قۆناغی کۆتایی، گەڕەکەکانی ئازادی، کرێکاران، پیشەسازی باشوور و زانیارییش کاریان تێدا دەکرێت، بڕیاریشە تا کۆتاییی ساڵی ٢٠٢٦ کارەبای ٢٤ کاتژمێری بگاتە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان.



عەبدولباسیت فەرهادی

## ناوەکان

جاران بەتایبەت لەناو خێزانە دەشتەکییەکان کە ئەوکات دابەشکردنێکی باو هەبوو شارستان و دەشتەکی لە هەولێرێ هەموو هەر کورد بوون چەند خێزانێکی کەم نەبێ خۆیان بە تورکمان دەژمارد، ناوی منداڵان زۆر جار تۆمار نەدەکران تا ئەوکاتەی هەراش دەبوون و کاتی چوونە قوتابخانەیان دەهات کە پێیان دەگوت منداڵەکە لەبەر خوێندن دادەنێن، ئەوکات بەخێوکەری منداڵەکە دەچووە دادگا تا بڕوانامەی لەدایکبوونی لە دادگای باری کەسی بۆ دەربێنێ.

زۆربەی دایکەکانیش هەر لە ماڵ بەهۆی مامانێک یا پیرەژنێکی شارەزا منداڵەکانیان دەبوو، هەندێ خێزانیش بەیارمەتیی چەند دوکتۆرێکی شارەزا وەک دوکتۆرە ئومەیە مەحموود و دوکتۆرە سوعاد رحیمۆ و سستەری کارامەی وەک سستەر جەمیلە و سستەر سەنیە و هیی تر لە ماڵ یا لە نەخۆشخانە منداڵەکانیان دەبوو.

دوای بوونی منداڵەکە باپیر و داپیر و مام و خاڵ و باوک و دایک و هەندێ جار مەلای گوندی ڕۆڵیان لە هەڵبژاردنی ناو دەبینی بۆ کۆرپە ساواکە و کاریگەری ئاینی و عەشایری زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو لەسەر ناولێنانەکە و هەندێ جار بارودۆخی سیاسی زاڵ دەبوو منداڵەکە ناوی چ با.

ئەو خێزانانەی کۆمەڵە منداڵێکیان هەبوایە هەوڵیان دەدا پیتی سەرەتا یا کۆتای ناوەکانیان وەک یەک بووایە یا هەر منداڵێکی ناوێکی لێ دەنرا وەک شیعری حوڕ بێ وەزن و قافیە.

لە دادگای باری کەسیی هەولێر خوالێخۆشبوو مامۆستا عوسمان حەسەن تۆماری لەدایکبوون و چەند تۆمارێکی تری لا بوو ڕۆڵێکی کوردانەی بەرچاوی هەبوو لە ناونانی ئەو منداڵانەی لەو دادگایە تۆمار دەکران.

دوای ١٩٧٩ هەندێ کەس بەتایبەت ئەوانەی ناویان حوسێن مەجید بوو یا هەر حوسێن بوو ناوی منداڵەکانیان بەناوی (سەدام) تۆمار دەکرد ئەوکات مامۆستا عوسمان بەهەموو شێوەیەک هەوڵی دەدا پەشیمانیان بکاتەوە لەو ناوە.

ڕۆژێک کابرایەکی جلشڕی هەژاری ناو حوسێن هات گوتی ناوی کوڕم دەنێم سەدام یەکسەر مامۆستا گوتی ماڵت لە کوێیە؟ کابرا ناوی گەڕەکێکی میللیی هەولێری هێنا، مامۆستا بە تووڕەیی گوتی دەتەوێ جلشڕێکی خەڵکی گەڕەکی دڵان منداڵە چڵمنەکەی بەناوی (سید الرئیس) بکا؟! ئەوە چ قەباحەتێکە تۆ دەیکەی؟ کابرای پەشیمان کردەوە و گوتی باشە مامۆستا ناوی چی بنێم؟ مامۆستا گوتی هەرچ ناوێک کامەران، شێروان، کاوە.... کابرا ڕازی بوو ناوێکی کوردیی لێ نا.

دوای ڕاپەڕین زۆربەی ئەو منداڵانەی ناوی سەدامیان لێ نرابوو بەپەلەپەل هەر بابایە ناوی خۆی دەگۆڕی.

شەهید مەهدی خۆشناو پێش ڕاپەڕین کارگەیەکی ئاسنگەریی هەبوو لە ناوچەی پیشەسازی ناوی لێ نابوو کارگەی زەردەشت کە ناوی کوڕە گەورەکەشی زەردەشت بوو، بەداخەوە لەگەڵ خۆی لە تەقینەوەی یەکی شوبات هەردووکیان گیانیان لەدەست دا لەگەڵ پۆلە شەهیدێکی تر.

ئەوکات چەندان جار بانگهێشتنی دائیرەی ئەمنییان کرد و لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرد لەسەر ناونانی زەردەشت بەڵام زۆر بوێرانە و خۆڕاگرانە ناوەکەی نەگۆڕی.

دوای ڕاپەڕین کە شەهید مەهدی خۆشناو بووە قایمقام و دواتر جێگری پارێزگاری هەولێر زۆر خەمخۆری ناوی کوردی بوو هەر دوکان و کۆگا و کارگەیەک ناوێکی نامۆی لێ نرابا بەخۆی دەچوو بەشێوازێکی جوان هەوڵی لەگەڵ خاوەنەکەی دەدا تا ناوێکی کوردی یا کوردانەی لێ بنێ.

کاتی خۆی خوالێخۆشبوو مامۆستا گیوی موکریانی نامیلکەیەکی بەناوی کچ و کوڕانی کوردی لە چاپخانەی کوردستانی خۆی چاپ کردبوو بە نرخێکی زۆر هەرزان خۆ ئەگەر کەسێکی شارستانی هەولێری بیویستبا ئەو نامیلکە بکڕێ مامۆستا گیو شاگەشکە دەبوو لە خۆشییان و پارەی لێ وەرنەدەگرت و وەک دیارییەک پێشکێشی دەکرد.

پێویستە هەموو باوک و دایکێک ناوێکی خۆش و گونجاو و کوردانە لە منداڵەکانیان بنێن تا سبەی ڕۆژ نەبێتە مایەی نیگەرانی و ناڕەحەتیی ڕۆڵەکانیان.

## مەلایەک ڕەخنە لە دەستوەردان لە ژیانی تایبەتیی خەڵك دەگرێت

# بۆ منداڵتان نییە؟ مووچەکەت چەندە؟ بۆ شووت نەکردووە؟

**گڵکەند**

دەست خستنە ناو ژیانی تایبەتی خەڵک، کێشە وماڵوێرانی بەدوای خۆیدا دێنێ، خۆشەویستی بۆ ڕق و کینە دەگۆڕێ، خێزان هەڵدەوەشێنێتەوە و کێشەی کۆمەڵایەتیی گەورە دروست دەکات.

جار هەیە پرسیارێکی بێ مانای وەک مووچەکەت چەندە؟ بۆ منداڵت نییە؟ بۆ ئۆتۆمۆبێلەکەت یان خانووەکەت ناگۆڕی؟ وەک دەستخستنە نێو کاروباری تایبەتی خەڵک دەبنە هۆی نانەوەی ئاریشەی گەورە، مەلای مزگەوتێکی هەولێر لە وتارێکی هەینیی چەند هەفتەی ڕابردوودا تیشکی خستبووە سەر مەترسیی ئەو دەستوەردانانە لە کاروباری خەڵک و داوای لە نوێژخوێنان کردبوو واز لە کاروباری یەکتری بێنن و هەرکەس سەرقاڵی ژیانی خۆی بێت.

(گڵکەند) لەمبارەیەوە ئەو مەلایەی بەسەرکردەوە کە ناوی مامۆستا ئوسامە سابیرە و وتارخوێن و پێشنوێژی بۆ مزگەوتی (زین سیتی) دەکات، ئەو چەندین نموونەی زیندوو لەبارەی ئەو بابەتەوە باس دەکات، وەک خۆی دەڵێ لە چەندین وتاری نوێژی هەینی بۆ موسڵمانان ئەو باسەی دووبارە کردووەتەوە، بەو پێیەی لە ڕابردوو زۆرترین کێشەی خێزانی لەبارەی ئەو بابەتەوە هاتووەتە لای.

مامۆستا ئوسامە ڕوانگەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەبارەی دەست خستنە نێو کاروباری تایبەتی کەسانی ترەوە باس دەکا و دەڵێ ئاینی ئیسلام ئامۆژگاریی موسوڵمانان دەکات بەوەی خۆیان بەدوور بگرن لە دەست خستنە نێو ژیانی تایبەتی کەسانی تر، چونکە بەتاوان هەژمار دەکرێت.



وێنە: زیرەکی دەستکرد

مامۆستا مەلا ئوسامە، ئایەتێکی قورئانی پیرۆز بە نموونە دێنێتەوە، کە لە ئایەتی (١٠٥)ی سوڕەتی (مائدة) هاتووە:

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ عَلَيۡكُمۡ أَنفُسَكُمۡۖ لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا ٱهۡتَدَيۡتُمۡۚ إِلَى ٱللَّهِ مَرۡجِعُكُمۡ جَمِيعٗا فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ.

مامۆستا بە پێویستی دەزانێت کە موسوڵمانان کار بە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەری ئیسلام دروودی خوای لەسەر بێت بکەن، بۆ ئەوەی دوور بکەونەوە لەو جۆرە خووڕەوشتە خراپانە، ئاماژە بەفەرموودەیەکی پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت دەکات کە دەفەرمووێت:

«مِن حِسن إسلام المرء تَرْكِهِ ما لا يعنيه".

دەشڵێ دەست خستنە ژیانی تایبەتی کەسانی تر، زۆرجار دەبێتە هۆی بوختانکردن، ئەمەش فیتنەی لێ دەکەوێتەوە و کارەسات بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

مامۆستا مەلا ئوسامە، داواش لە دەزگا میدیاییەکان دەکات لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی بەرنامە و فیلمەوە، کار لەسەر ئەو خووڕەوشتانە بکەن کە کارەساتی کۆمەڵایەتیی لێ دەکەوێتەوە.

# لانك لە قەیسەریی هەولێرێوە بۆ بازاڕەکانی بەغدایێ


**گڵکەند**

لەمێژە دروستکردنی لانک سەرچاوەیەکی سەرەکیی بژێویی وەستایەکانی کۆڵانی نەجاڕانی قەیسەریی هەولێرییە. سەدان ساڵە ئەو پیشەیە جوانی و ڕەسەنایەتیی لەدەست نەداوە، تا ئەمڕۆش بەشێک لە دوکانەکانی قەیسەری تایبەتن بە دروستکردنی لانک، کە دارەکانی بەرهەمی ناوچە شاخاوییەکانی کوردستانن و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا نەبووەتە ڕێگر لەبەردەم ئەو پیشەیە و هێشتا بازاڕی لانکی خۆماڵی ماوە.

وەستا جونەید تەڵعەت کە بەحاجی جونەید نەجاڕ ناسراوە، تەمەن ٦٧ ساڵە و لە دوکانێکی ناو بازاڕی قەیسەری خەریکی دروستکردنی لانکە، ئەو پیشەکەی لە باوکییەوە بۆ ماوەتەوە، وەک خۆی دەڵێ لەوەتەی ساڵی ١٩٦٨ەوە لە شوێنی ئێستایدا لە دوکانی باوکیەوە دەستی بەو کارەی کردووە و تا ئێستا بەردەوامە.

حاجی جونەید، بۆ (گڵکەند) باس لە چۆنیەتیی دروستکردنی لانک دەکات و دەڵێت، «وەختی خۆی جیهازی داربڕینێ نەبوو، لۆیە هەر بە دەستی لانکمان دروست دەکرد، دۆخریت پێ بڵێم، ئیشەکەمان زۆر زەحمەت و ناخۆش بوو، پاشان لە ئاخیری و ئۆخری ساری حەفتایەکان جیهازی داربڕینی هاتە هەولێرێ، لەو وەختییەوە ئیشەکەمان هەندەک سەهلتر بووە.»





وێنەکان: ڕێبەند سەعدوڵا

لەبارەی باشترین جۆری داریش کە لە دروستکردنی لانک بەکار دێت، دەڵێ لانکە سپییەکە کە بێ نەخشە و مێژوویەکی دێرینی هەیە، لە داری بی و ئەسپیندار دروست دەکرێت، ئەو دارانە زیاتر لە دەڤەری چۆمان و حاجی ئۆمەران دەڕوێندرێن، ئەو جۆرەیان تەمەنی درێژە و بەباشترین جۆری لانک دادەنرێت، چونکە دارەکەیان پتەو و خۆڕاگرە، بۆیە خواستێکی زۆری لەسەرە، هەروەها چەند ساڵێکە جۆری داری «ئێم دی ئێف» کە دروستکراوی تورکیایە، بە تەبەقە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت و لە دروستکردنی لانک سوودی لێ وەردەگیرێت و نەخشی جۆراوجۆری لەسەرە، بەڵام ئەوە کوالێتییەکەی زۆر باش نییە.

حاجی جونەید، ئاماژە بە زۆریی خواست لەسەر لانک دەکات و دەڵێت، ئەگەرچی لانک لەلایەن پزیشکانەوە ڕەت دەکرێتەوە و لە ڕووە تەندروستییەکەیەوە بۆ منداڵی تازە لەدایکبوو بەباش نازانرێت و دەڵێن قاچی منداڵ خوار دەکات، بەڵام لەلایەن هاووڵاتییانەوە خواستێکی زۆری لەسەرە، جگە لە خواستی ناوەخۆیی، ئێستا لانکی هەولێر بۆ پارێزگاکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقیش هەناردە دەکرێت، وەکو بەغدا، سەڵاحەدین و بەسرە.

وەک وەستا جونەید ئاماژەی بۆ دەکات، دروستکردنی لانک هونەرە، هەموو دارتاشێک لە توانایدا نییە لانک دروست بکات، بەڵکو وەستای تایبەت بەخۆی هەیە، دەشڵێ ئەگەر دوو وەستا بەباشی کار بکەن لە هەفتەیەکدا دەتوانن ٥٠ لانک دروست بکەن، کە نرخیان لە نێوان ٢٠ بۆ ٥٠ هەزار دینارە.



# بازاڕی قەیسەری

## مێژووی نوێی لە نهۆمی دووەمەوە دەست پێ دەکات

نۆژەنکردنەوەی بەشی ڕۆژهەڵاتی بازاڕی کۆنی قەیسەریی هەولێر کە لە دوو نهۆم پێک هاتووە، بە تێچووی دوو ملیار و ٥٠٠ ملیۆن دینار بەردەوامە، تا ئێستا ٨٠٪ی کارەکان تەواو بووە و پێشبینی دەکرێ بەم زووانە دوکانەکان ڕادەستی کاسبکاران بکرێنەوە. قەیسەری کە یەکێ لە کۆنترین بازاڕەکانی هەولێر و ناوچەکەیە، دەکەوێتە جەرگەی شار و بەردەم قەڵات، مێژووی دروستکردنی بۆ نزیکەی ٢٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. بە شێوازێک دروست کراوە کە لە چەندین دوکان و حوجرە پێک هاتووە و بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ڕیز کراون. سەری بازاڕەکە بەشێوەی تاق داپۆشراوە، ئەمەش یارمەتیی پاراستنی دوکانەکان و کڕیارەکانی داوە لە گەرمای هاوین و سەرمای زستان.

**زیرەک تاریق**

شەوی ٢٠٢٤/٥/٥ ئاگر لە بەشێکی ئەو قەیسەرییە کەوتەوە و بووە هۆی سووتانی ٢٢٨ دوکان و حەفت کۆگا. دوابەدوای ڕووداوەکە مەسروور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری خەرجکردنی بڕی پێنج ملیار و ٣٠٠ ملیۆن دیناری بۆ نۆژەنکردنەوەی بازاڕەکە دا، لەم بڕە دوو ملیار و ٥٠٠ ملیۆن دینار بۆ نۆژەنکردنەوەی بەشی ڕۆژهەڵاتی قەیسەریی کۆنی هەولێر بوو، کە لە دوو نهۆم پێک هاتووە.

قەیسەریی کۆنی هەولێر لە بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پێک هاتووە، نۆژەنکردنەوەکە بەشی ڕۆژهەڵاتی گرتەوە کە نهۆمی یەکەم لە ١٣٣ دوکان و نهۆمی دووەمیش لە ٥٥ ژوور و تاق پێک هاتووە، کۆڵانی بەرگدرووەکانی بازاڕی قەیسەریی هەولێری پێ دەڵێن.

پێش پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، نهۆمی دووەمی قەیسەریی کۆنی هەولێر وەک هۆتێل، میوانخانە و نووسینگە بەکار هاتووە، بەڵام لە شەستەکان تا هەشتاکان بەچەند قۆناغێکی جیا سەقفی ئەم بازاڕە ڕووخا، ئیتر نهۆمی دووەمی قەیسەرییەکە نەما، بەڵام لەگەڵ نۆژەنکردنەوەی قەیسەریی کۆنی هەولێر، دووبارە نهۆمی دووەمی نۆژەن کراوەتەوە، ئەویش بەو شێوازەی کە لە کۆندا هەبووە.

نهۆمی دووەمی قەیسەری لە حەفت شوێنی جیاواز ڕێڕەوی سەرکەوتنی هەیە، واتە نهۆمی دووەم بە دوکانەکانی خوارەوە نەبەستراوەتەوە و بە تەواوی جیا کراوەتەوە، هیچ کەس خاوەنی نییە.

سەبارەت بە دووبارە بەکارهێنانەوەی نهۆمی دووەمی قەیسەری، تا ئێستا هیچ بڕیارێک نەدراوە، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (گڵکەند) کەوتووە، دوای تەواوبوونی نۆژەنکردنەوەکە، وۆرکشۆپێک ئەنجام دەدرێت بۆ بڕیاردان لەسەر ئەم بابەتە.

پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی قەیسەریی کۆنی هەولێر، کە لەلایەن یونسکۆ و شوێنەواری هەولێر چاودێری دەکرێ، تەنیا پرۆسەیەکی ئاوەدانکردنەوە نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ پاراستنی بەشێک لە ناسنامەی شارەکە.

پڕۆژەکە لە چەند قۆناغێک پێک دێت، کە تێیدا گرینگیی زۆر بە پاراستنی تایبەتمەندییە مێژووییەکانی بازاڕەکە دراوە و ماوەی تەواوکردنیشی ١٢ مانگە، ڕۆژانە بە بەردەوام چوار تیمی جیاواز کە زیاتر لە ٣٠ کرێکارن، کاری تێدا دەکەن. لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا ٨٠٪ی کارەکانی نۆژەنکردنەوەکە تەواو بووە، ئەندازیار سامان ئەحمەد دەروێش بەڵێندەری پڕۆژەکە دەڵێ "ئێمە هەوڵی تەواومان داوە بۆ پاراستنی شێوەی کۆن و ڕەسەنی قەیسەری".

ئاماژە بەوەش دەکات کە سەرجەم کەرەستە بەکارهاتووەکانی نۆژەنکردنەوەی قەیسەریی کۆنی هەولێر، کەرەستەی ناوەخۆیی و خۆماڵین، خشت و کاریتەکان هی هەولێرن و بەردەکانیش لە مووسڵەوە هێنراون.

بەپێی ڕێنماییەکانی پڕۆژەکە، نۆژەنکردنەوەی قەیسەری، پاراستن و چاککردنەوەی سەربانی قەیسەری دەگرێتەوە، لەگەڵ چاککردنەوەی سیستەمی ئاوەڕۆ و تۆڕی کارەبا، نۆژەنکردنەوەی دیوار و تاقە کۆنەکان بە بەکارهێنانی کەرەستەی ڕەسەن لە دیوی ناوەوە و دەرەوە، هەروەها نۆژەنکردنەوەی ڕێڕەوی کۆڵانەکان بۆ ئاسانکاریی هاتوچۆی خەڵک.

بەپێی گوتەکانی ئەندازیار سامان، پلانی داهاتوو نۆژەنکردنەوەی بەشی ڕۆژئاوای قەیسەریی کۆنی هەولێرە، کە بە کۆڵانی بەتانیفرۆشانی قەیسەری ناسراوە.


ئەمیر یاسین (تەمەن ٤٣ ساڵ)، ٢٥ ساڵە بەرگدرووە لە قەیسەری و لە دیار نۆژەنکردنەوەی دوکانەکان دانیشتووە و دەڵێ «جاران بەشی زۆری دوکانەکان کێشەیان هەبوو، بەتایبەتی لە زستاندا، کە باران دەباری، دەبوو سەری دوکانەکان بە نایلۆن داپۆشن، دەنا ئاو دەهاتە ژوورێ، بەس ئێستا بێ خەم بووین".

باسیش لە ڕووکاری کۆڵانەکە دەکا کە لەگەڵ نۆژەنکردنەوەکە، جیا لەوەی شێوازێکی ڕەسەن و سەرنجڕاکێشی هەیە، جوانییەکی زیاتری بەخشیوەتە بازاڕەکە، دەڵێ نرخی دوکانەکانیش زۆر بەرز بووەتەوە.

لە گۆشەیەکی کۆڵانەکە، چایخانەی بەناوبانگی مام خەلیل هەیە، کە بەر لە ٧٢ ساڵ کراوەتەوە و گەشتیاران بەتامەزرۆییەوە ڕووی تێ دەکەن، دیوار و بنمیچی چایخانەکە بە وێنەی ئەو کەسایەتییانە ناودارانە داپۆشراوە کە سەردانیان کردووە. محەمەد خەلیل (تەمەن ٥٥ ساڵ) خاوەنی ئێستای چایخانەکەیە و کوڕی مام خەلیلی چایچییە، دەڵێ "مێژووی قەیسەری لەو کۆڵانەوە دەستی پێ کردییە".

لەبارەی تێکچوونی سەقفی قەیسەرییەکەشەوە دەڵێ "بابم لۆی گێڕایمەوە، شەوەکی زستانی شێستەکان، لەگەر بارانێ سەربانی ئەو کۆرانەی ڕووخا"، دواتر بە چەند قۆناغێک بەشەکانی تریش ڕووخان و لە دوای ئەوە بەشی سەرەوەی قەیسەریی کۆن بەتەواوی لەبەرچاوان ون بوو.

## 300 لۆهەولێر



**شێرزاد هەینی**

## سەرۆک شارەوانی

لە شارەوانیی هەولێر مەساح بووم، بەئارەزووی خۆم کاری ڕاگەیاندنیشم دەکرد، لەبەرئەوەی خەڵکم زۆر دەناسی، پەیوەندییەکانیشم بۆ سەرۆکایەتیی شارەوانیش دەکرد، شوێنەکان شارەزا بووم، دەمویست لە جووڵە و گۆڕانکارییەکانیش ئاگادار بم.

لە ڕۆژی١٩٩٤\٧\٢٠ گوتیان وەرە خوارەوە بەڕێوەبەر تۆی دەوێت! ‹‹پۆستەکە بووبوو بە سەرۆک، بەڵام هەر پێیان دەگوت بەڕێوەبەر››، کە چووم، گوتی؛ ئۆتۆمۆبێلەکەت بەنزینی تێدایە، گوتم بەڵێ!

گوتی؛ بۆ یارمەتیی کرێکارەکانمان، پەرەپێدانی هەڵمەتی پاککردنەوەی ناوشار با بچینە عەنکاوە!

منیش گوتم؛ بەچاوان ئامادەم!

پێکەوە بە کرۆنا سپییەکەی من، تەق تەق چووینە عەنکاوە، "لەو ساڵانە هەموو ماڵ، سەنتەر، مەڵبەند، بنکە دەستڕۆیشتووەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە خێرخوازییەکان بارەگەکانیان لەوێ بوون، هیچیان لەناو شاری هەولێر نەبوون، هەمووشیان کرێچیی ئەوان بوون"، سەردانی دوکتۆر (سەعید)مان کرد، ئەو بەرپرسی (WFP)ی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو. سەرۆک شارەوانیی هەولێر خۆی پێ ناساند، بە زمانی عەرەبی پێی گوت؛

هاتووم بە زەخیرە، ئارد، ڕون، شەکر، ئاوی تەماتە یارمەتیی پاککەرەکانی شارەوانییەکەمان بدەن! بارودۆخیان خراپە، دیارە ئەگەر برسی بن، ناتوانن شارەکە پاک بکەنەوە، هەندێکیان مۆڵەت وەردەگرن دەچن دەرۆزە دەکەن، لە دەوڵەمەندەکان زەکات کۆدەکەنەوە، ئەدی ئێوە نالێن؛ خواردن بۆ ئەو کەسەیە، کار بکات!

دوکتۆرەکە گوتی؛ دەزانم، بڕوا دەکەم، بەڵام جارێ هەندێ ئاڵۆزیی بار و گەیاندنمان هەیە، زەخیرەکانمان نەگەیشتوون، کاریش بۆ ئەوە دەکەین، کێشەکان چارەسەر بکەین، بەرنامەکانمان دەکەونە سەرکار، دوای ئەوە، دەتوانین یارمەتیتان بدەین! نائومێدتان ناکەین!

هەر لە درێژاییی قسەکانیدا، بەمتمانەوە گوتی؛ چ بکەین ئەوە عێراقە، حکوومەتەکەی کەلەڕەقە، پەنجە لە چاوەکانی خۆی ڕادەکات، ماوەیەک لەوەپێش لە باشوور بووم، دروست لە شاری ناسرییە. لەوێ ژیانی هاووڵاتییان سەختە، گرانی و ئابڵووقانەکان کاری لەسەر گوزەرانیی خەڵکەکە کردووە، ئینجا بەو گەرمایە، لەوێ چوار کەسیان لەسەر قسەکردن لەسێدارە دابوو، تەرمەکانیان بەهەڵواسراوەیی لەسەر شەقامەکاندا مابوونەوە، خۆم ئەو دیمەنەم بینی، ناتوانم لە بیری بکەم! هەموو باسی ئەوەیان دەکرد، وڵاتەکە خێراتی زۆرە، بەڵام شەڕ و تاکڕەوییەکانی سەرکردەکەی، ئەو نەهامەتییانەی بەسەر ئەو وڵاتەدا هێناوە! دووریش نییە، ئەگەر بەند و داواکانی نەتەوە یەکگرتووەکان جێبەجێ بکەن، لەو دوو سێ مانگە گەمارۆکان لەسەر وڵات هەڵدەگیرێت، بارودۆخەکە بەرەو باشتر دەڕوات.

## فیلمە ڕووتەکانی ڕۆژانی هەینی

# سەربازەکان بۆ سینەما پشوویان وەردەگرت



پشتیوان عەبدوڵڵا

دوای ئەوەی خەڵکی هەولێر بۆ ساڵانێکی زۆر بە خێزانەوە دەچوونە سینەما، هێدی هێدی بەهۆی ناوزڕانی سینەماکانەوە، خێزان لە هۆڵی سینەماکان دوور کەوتنەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی بەشێک لە سینەماکان بۆ داهات و قازانج، لە نێوان ساڵانی ١٩٨٤ و ١٩٨٩دا، پەنایان بردە بەر پیشاندانی فیلمی ڕووت، کە لە هەولێر بەفیلمی خیلاعی ناو دەبران.

ئەگەرچی لە ڕاستیدا فیلمەکان ڕووت نەبوون، بەڵکو فیلمی ئاسایی و کۆمەڵایەتی پەخش دەکران، چونکە ئەوسا چاودێری ڕێگای نەدەدا فیلمی ڕووت پێشان بدرێت، تەنانەت هەر فیلمێکیش دیمەنی ڕووتی تێدابا، لە چاودێری دەیانقرتاند.

بەڵام خاوەنی سینەماکانی هەولێر بەشێوەیەک لە شێوەکان بە بەرتیل و پارە، کۆمەڵێک دیمەنی ڕووتی هەندێک فیلمیان دەست کەوتبوو، تێکەڵی فیلمە کۆمەڵایەتییە ئاساییەکانیان دەکردن و بەناوی فیلمی ڕووت پێشانی بینەرانیان دەدا، ئەگینا دیمەنە ڕووتەکان پێوەندییان بەفیلمەکانەوە نەبوو، هەر دیمەنێک هی فیلمێکی جیاواز بوو دەهێندرانە سەر شاشە و لەناکاو ڕووداوەکانی ناو ئەو فیلمەیان دەپچڕاند کە بینەر خەریکی سەیرکردنیان بوو، بەڵام لەبەرئەوەی بینەرەکان لە بنەمادا بۆ مەبەستی دیتنی گرتەی ڕووت دەچوونە هۆڵەکانی سینەما، کێشەیان نەبوو لەگەڵ پچڕانی زنجیرەی ڕووداوەکانی ناو فیلمەکان و تێکەڵکردنی بە گرتەی ڕووت کە لە فیلمی جیاوازەوە وەرگیرابوون.

ئەوکاتە زۆرتر دیمەنی ڕووتی فیلمی ئەسپەکە و شوانە شێتەکە بەناوبانگ بوون، کە لە میانی زۆربەی فیلمەکاندا، دووبارە پیشان دەدرانەوە.

بەدەر لەمە، سینەماکان کاتێکی تایبەت و سەیریان بۆ پێشاندانی فیلمەکان تەرخان کردبوو، کە ئەویش ڕۆژانی هەینی بوو، بەتایبەتیش نیوەڕۆیان پێش نوێژی هەینی، لە کاتژمێر ١١:٣٠ تا کاتژمێر سێی ئێوارە دوو جار فیلم پیشان دەدران، جاری واش هەبوو سێ جار فیلمەکان پیشان دەدرانەوە.

ماوەی فیلمەکان زۆر کورت دەکرانەوە، گرینگ پیشاندنی دیمەنە ڕووتەکان بوون، بەگشتی ماوەی فیلمەکانی نیوەڕۆیانی هەینی لە ٤٥ خولەک تێپەڕی نەدەکرد، بەڵام سینەما جمەی دەهات. بلێتی چوونە ژوورەوە بەر نەدەکەوت، سەدان کەس دەچوونە ژوورەوە و خەڵکی وا هەبوو لەسەر زەوی دادەنیشتن

خاوەن سینەماکان بۆیە ئەو کاتەیان هەڵبژاردبوو، چونکە ڕۆژانی هەینی و بەر لە نیوەڕۆ تا عەسر، سەربازەکانی ناو سەربازگەی هەولێر دەڕژانە ناو شار و بە کۆمەڵ دەچوونە سینەماکان بۆ سەیرکردنی فیلمە ڕووتەکان.

## شەوقی زەردەپەڕ



عەبدولڕەحمان فەرهادی

# خۆشەویستی

خۆشەویستی، بابەت و چەمکێکی هەستیارە، بارێکی سۆزامێز و ئاڵۆزیشە، پێوەندیی تەواوی بەڕەفتاری مرۆڤەوە هەیە، زیاتر دەچێتە ناو ڕوح و دەروون، ڕامبوون و هۆگری لە مرۆڤ دەچێنێت، بۆ بەردەوامبوون و گەشەسەندنی، پێویستی بە پەروەردەکاری و ڕاستگۆیی و ڕێزی هاوبەشی نێوان تاک لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ کۆمەڵ هەیە.

خۆشەویستی، لە ناوەخندا بۆی هەیە شێوازێک لە لەبارچوون ببینێت، وەلێ قەت نامرێت و دوایی نایەت، بەڵکو لەوەیە لەگەڵ کات و سەردەم و بارودۆخ، ئەویش بگۆڕێت، بەڵام خۆشەویستیی قووڵ و ڕاستینە و بێ گەرد، لەوەیە شێوەی بگۆڕێت، بەڵام کاڵ نابێتەوە. خۆشەویستی لای کافکا تەنیا هەستێکی ڕۆمانسیی سادە نییە، بەڵکو دونیایەکە لە ئەزموون و دژەکاری و نیگەرانی و بارێکی دەروونیی تێکەڵ بە ئاسوودەیی و ژانوژوور، مەرجیش نییە هەرجار چاوگەی خۆشی و ئارامی بێت، بەڵکو غەریزە (ماک)ێکە دەرخەری لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی مرۆڤە.

کافکا ماڵوحاڵی نەبوو، تا مرد بە ڕەبەنی ژیا، ئەزموونی وی لەگەڵ خۆشەویستی لەناو کەسێتی و دەروونیدا، فرەلایەن و دەوڵەمەندە. لەمەوە با چیرۆکەسەرهاتی (ونبوونی لەیستۆک)ی کافکا باس بکەین کە لە کتێبی (پەیامبەری خۆشەویستی)ی دۆرا دیامانت هاتووە.

ڕۆژێکیان کافکا لە پارکێکی بەرلین پیاسە دەکات، دەبینێ کچۆڵەیەک بەکوڵ دەگری! چونکە بووکۆکە لەیستۆکەکەی خۆی بزر کردبوو. کافکا خۆی لەگەڵ کچۆڵەکە دەست دەکەن بەگەڕان بەدوای لەیستۆکەکە، تا درەنگان خەریک دەبن کەچی نایدۆزنەوە، بۆیە ڕوو دەکاتە کچۆڵە و دەڵێ: با سبەی بێینەوە، کێوە دەچێ! هەر دەیدۆزینەوە. ڕۆژی دواتر دیسانەوە بەیەکەوە دەگەڕێن، کەچی بێ ئەنجام دەمێننەوە.

کافکا نامەیەک دەداتە کچۆڵەکە تیایدا لەیستۆکەکە دوابوو و لێی نووسرابوو: توخوا مەگری، من سەرامەدی گەشتێکم بە دونیادا، کە گەڕامەوە سەرەڕۆییەکانمت بۆ دەگێڕمەوە. دوای سەردەمانێک، کافکا چیرۆکی سەرکێشییەکانی لەیستۆکەکەی نووسییەوە کە بووە بەرزەپەندی خودی کافکا خۆیشی.

لە دیدارەکانی لەگەڵ کچۆڵەکە هەرجار هەندێ لەو سەرکێشییانەی ناو نامەی لەیستۆکەکەی بۆ دەخوێندەوە، گێڕانەوەکان بۆ کچۆڵەکە زۆر سەرنجڕاکێش و چێژمەند دەبن. دواجار کافکا لەیستۆکێکی کڕی و هێنای دایە کچۆڵەکە و گوتی: ئەمە لەیستۆکەکەتە لە گەڕوگەشت هاتووەتەوە. کچۆڵەیش بینی و گوتی: ئەمە هەرگیز لە لەیستۆکەکەی خۆم ناچێ و هەو نییە!

دواتر کافکا نامەیەکی تر بەناوی لەیستۆکەکە دەنووسێت و دەیداتە کچۆڵەکە کە تیایدا نووسرابوو: گەشتەکانم منیان گۆڕیوە، وەک جاران نەماوم!. ئەمە وای کرد کچۆڵەکە لەیستۆکەکە بخاتە باوەشیەوە و بەدڵخۆشییەوە بگەڕێتەوە ماڵەوە. دوای ساڵانێکی زۆر، پاش مەرگی کافکا، کچۆڵەکە گەورە بووبوو و لەناو هەناوی لەیستۆکەکە نامەیەکی کافکای دۆزییەوە کە لێی نووسیبوو: لەوانەیە هەر شتێکی خۆشت دەوێ لەدەستی بدەیت، وەلێ خۆشەویستی بە جۆر و ڕەنگێکی تر هەر بۆت دەگەڕێتەوە.

## لە ناو هەولێر هەزار خواردنگە هەیە

# بۆچی نرخیان جیاوازە؟


وێنە: محەمەد شوانی


وێنە: شڤان هەرکی

لەم ساڵانەی دواییدا هەولێر لە هەموو بوارەکاندا گەشەی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی، جۆر و ژمارەی خواردنگەکان لەم گەشەکردنە بەدەر نەبوون، بەڵکو پشکی گەورەیان بەرکەوت و ئێستا نزیکەی یەک هەزار خواردنگە لە پایەتەختدا هەن. بۆ وردبوونەوە لێیان، لە ناوچە جیاوازەکانی شار سەردانی زیاتر لە ١٥ خواردنگەمان کرد، لە چەقی شارەوە تا شەقامی ١٠٠ مەتری، لە عەنکاوەوە تا شەقامی گوڵان، ئەنجامەکان جیاوازییەکی بەرچاویان پێشان دا لە نێوان خزمەتگوزاری و نرخ و جۆرایەتیدا.

**زیرەك تاریق**

لە خواردنگە خێراکاندا (فاست فوود)، نرخی ساندویچێکی بەرگەر لە نێوان ٤،٠٠٠ بۆ ١٢،٠٠٠ دینار دەگۆڕێت. هەروەها نرخی پیتزایەک لە نێوان ٥،٠٠٠ بۆ ٢٥،٠٠٠ دینارە، ئەم جیاوازییە گەورەیە تەنیا پێوەندیی بە جۆری گۆشت و کەرەستەکانەوە نییە، بەڵکو زیاتر پێوەندیی بە شوێن و ناوبانگی خواردنگەکانەوە هەیە. بۆ نموونە، نرخی ساندویچێک لە خواردنگەیەکی شەقامی گوڵان دوو هێندەی نرخی هەمان ساندویچە لە شەقامی ١٠٠ مەتری.

لەناو شاری هەولێر ٣٠٧ خواردنگەی گەشتیاری هەن، کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی گەشتوگوزاری هەولێر مۆڵەتی کارکردنیان پێ دراوە. نەریمان فازڵ، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی گەشتوگوزاری هەولێر بە (گڵکەند)ی ڕاگەیاند، بەپێی شوێن، ڕووبەر و خزمەتگوزاری، لەگەڵ کۆمەڵێک لە مەرج و ڕێنماییی تر، لە پلەی یەک بۆ پلەی نایاب، پلە و ئەستێرە بۆ خواردنگە گەشتیارییەکان دیاری دەکرێت.

خواردنگەی کوردی، عێراقی، ئێرانی، سووری و تورکی لە دیارترین خواردنگەکانن لە هەولێر، لەم ساڵانەی دواییدا، خواردنگەی ئەوروپی و ئاسیاییش بوونەتە بەشێک لە کولتووری خواردن، ئەمەش بەهۆی فرە نەتەوەییی دانیشتوانی شارەکەیە.

نەریمان فازڵ، لەبارەی ئەمەوە گوتی "ئێمە هەوڵمان داوە، هەمووان بتوانن لە هەولێر تام و چێژی خواردنەکانیان پێشکێش بە کڕیارانیان بکەن". لەبارەی نرخەکانیشەوە گوتی "خەڵک ئازادە دەچێتە کام خواردنگە بۆ نان خواردن"، ئاماژەی بەوەش دا کاریان کردووە بۆ ئەوەی هەموو کەس بتوانێت ئەو خواردنە بخوات کە حەزی لێیەتی، ئەمەش بەپێی داهاتی کەسەکە خۆی.

خواردنگە میللییەکان، کە پشکی شێری بازاڕیان هەیە، نرخی برژاوەکانیان، کەباب، تکەی گۆشت و مریشک بۆ هەر نەفەرێک لە نێوان ٣،٠٠٠ بۆ ١٢،٠٠٠ دینارە. لە کاتێکدا لە خواردنگەیێکی گەورە و گرانبەهاتر لە شوێنێکی تری شار نرخەکەی دەگاتە ٢٢،٠٠٠ دینار. جیاوازیی نرخەکان لێرەدا زیاتر پەیوەستە بەشوێن و کێشی گۆشت و کوالێتی خزمەتگوزارییەوە.

قایمقامییەتی قەزای ناوەندی هەولێر ٦٤١ مۆڵەتی بە خواردنگەکان داوە. نەبەز عەبدولحەمید، قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر دەڵێ "لیژنەیەکمان پێک هێناوە و بەردەوام چاودێریی بازاڕ دەکەین، هەر سکاڵایەک هەبێت بەدواداچوونی بۆ دەکەین و لێپێچینەوە لەگەڵ شوێنەکە دەکەین". ئاماژەی بەوە دا بەهۆی سکاڵای هاووڵاتییان، لە ڕێی ئەو لیژنەیە چەندین خواردنگەیان سزا داوە.

لیژنەکە لە قایمقامیەت، تەندروستی، پۆلیس، بەرگریی شارستانی و شارەوانی پێک هاتووە. لە ساڵی ڕابردوودا بەگشتی لەلایەن لیژنەکانی قایمقامیەت لێپێچینەوە بەرانبەر ١٠٩٣ شوێن کراوە.

هەر لە ساڵی ٢٠٢٤، لیژنەکە سەردانی ٨٥٩ خواردنگەیان کردووە، لەو ژمارەیە بە بڕی نزیکەی ٣٠٠ ملیۆن دینار پێبژاردنیان بۆ کراوە، هەروەها ١٥٩ تۆن کەلوپەلی خۆراکی لەنێو براون.

خزمەتگوزاری و مامەڵەی ستافی ڕێستۆرانتەکان لەگەڵ ئەو کەسانەی سەردانیان دەکەن، جیاوازیی زۆری هەیە. ڕێستۆرانتە نوێیەکان گرینگییەکی زیاتر بەم لایەنە دەدەن و ستافەکەیان لە ڕووی مامەڵە و جلوبەرگ گرینگیی زۆریان پێ دراوە، بەڵام ڕێستۆرانتە کۆنەکان کەمتر گرینگی بەم لایەنە دەدەن.

هۆزان عومەر، تەمەن ٣١ ساڵ، گەنجێکی شاری هەولێرە، بەردەوام لە خواردنگەکان نان دەخوا و ئەندامی گرووپێکی فەیسبووکە بە ناوی (Restauranting in Erbil)، کە زیاتر لە ٥٦ هەزار ئەندامی هەیە و بەزۆری ئەو کەسانەن کە حەز و خولیای زۆریان بۆ خواردن هەیە.

لەبارەی نرخ و خزمەتگوزاریی خواردنگەکانی شاری هەولێر ئەو گەنجە ئاماژەی بەوە دا، بەپێی جیاوازیی نێوبانگ و شوێن، نرخی خواردنەکان دەگۆڕێن، بە ڕاشکاوانە گوتی "تۆ پارەی شوێنەکە دەدەیت نەوەک خواردنەکە".

ڕووی قسەکانی لە خەڵک دەکات و ڕای وایە، خەڵک ناتوانێت بەردەوام بچێتە ئەو خواردنگانەی گرانبەهان و نرخی خواردنەکانیان بەرزە. دەشڵێ "هەر کەسە و دەبێت سەیری گیرفانی خۆی بکات".

لە ژمارەیەک خواردنگە گرانبەهاکانی هەولێر نرخی پارچەیەک گۆشت (ستیک) بەپێی ئەو بڕی گرامەی داوای دەکەیت لە نێوان ٣٥ بۆ ١١٠ دۆلاری ئەمریکییە

هۆزان، سەردانی زۆرینەی ئەو خواردنگانە دەکات کە لە هەولێر هەن و گلەییی لە بەشێک لە خواردنگە گرانبەهاکان هەیە، دەڵێ "هەندێک جار ڕووی داوە لە خواردنگە گرانبەهاکان خواردنی ساردیان بۆ هێناوم".

ئەو زیاتر قسەی بۆ (گڵکەند) کرد و باسی لەوە کرد، ڕێکلامی خواردنگەکان لە سۆشیال میدیا کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر زیاتربوونی حەزی خواردن لە لای خەڵک، ئەو نەیشاردەوە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بڕیار بدات خواردنگەیەک بکاتەوە، یەکەم شت بیکات گرینگیدان دەبێت بە زمان و کارمەندی کورد، دواتر ڕێکخستنەوەی شێوازی پێشوازیکردن لە کڕیاران، هەروەها نرخی خواردنەکانیش لە ئاست کوالێتی و خزمەتگوزارییەکان بێت.

---

گوڵبێنە



ئیسماعیل بەرزنجی

# سەربردەی ماسییەکان

غەفوور مەخمووری، لاوێک بوو تازە هەڵدەهات، بەدوای کتێب و ڕۆژنامەدا دەگەڕا، مەحموود زامدار بوو بە بەرپرسی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە هەولێر، غەفوور زوو زوو دەهاتە لای و بابەتی فۆلکلۆریی بۆ دەهێنا

ڕۆژی ٢١/١٢/١٩٨٨، لەگەڵ هەردوو ڕەوانشاد فیکرەتی پارێزەر و بورهانی ئەندازیار، چووینە لای زامدار، لەوێ نەبوو، گوتیان لەگەڵ برادەرێک چوویتە مەسیف، تا ژوورێک بۆ ئاهەنگی شەوی سەری ساڵ ڕێک بخەن، لەپڕ کاک غەفوور پەیدا بوو، پرسیاری زامداری کرد، تا بەرەبەری نیوەڕۆ دانیشت، گوتی:

دەبێت بچمەوە مەخموور، ئەو سێ ماسییەم بۆ زامدار هێناوە.

فیکرەت گوتی: من بۆی دەبەمەوە ماڵ.

هەستاین و چووینە ماڵی فیکرەت، لەوێ تەماشای ماسییەکانی کرد و گوتی:

- کوڕە ئەوە ماسیی ڕووبارییە، زۆر نایابە، با بۆ خۆمان بیخۆین.

خوشکە خاتوونەکانی فیکرەت، زۆر بەجوانی ماسییەکانیان چا کرد، تێروپڕمان خوارد، جارێ زامدار ئاگای لە هیچ نییە، ساڵی تازە هات و گەڕاینەوە سەر سکەی خۆمان.

دوای دوو هەفتە، لەگەڵ فیکرەت و بورهان، سەردانی لالشمان کرد، لە ڕێگە دوو کوڕیژگەمان بینی کە سەرو دوو ماسییان بەدەستەوە بوو، فیکرەت هەر چوار ماسییەکەی کڕی و گوتی:

- با ئاە و نزوولەی زامدار نەمانگرێ.

هاتینەوە و ماسییەکان خرانە ناو فرێزەرەوە، دوای ماوەیەک فیکرەت ماسییەکانی دا بەزامدار و گوتی (ئەوە یەک هەفتەیە بۆم هەڵگرتووی، مەخمووری بەدیاری بۆی هێنابووی)، زامدار بە خۆشییەوە دەچێتەوە ماڵ، سەیری ماسییەکان دەکات زۆر لاواز و وشکن، کە دەیخەنە بەردەمی هەموو ئێسک و پێست بوو.

ڕۆژی پاشتر، غەفوور دەچێتە لای زامدار، سەیر دەکات زامدار زۆر ساردوسڕە، چاویلکەکەی لە چاو دەکاتەوە و ڕوو لە غەفوور دەکات:

- ئەو چوار چەرمە چەقاڵتەیە چ بوو ناردبووت، من لەناو ماسیی بەغدا گەورە بووم، ئەوانە ماسی بوون یان هەیکەلی عەزمی؟

غەفوور وەڵام دەداتەوە:

- مامۆستا، سێ ماسی بوون، چوار نەبوون، بەتایبەت لەسەر زێ بۆم ڕاسپاردبووی.

غەفوور دەڵێت سێ و زامداریش دەڵێت کاکە هێشتا نەخڵەفاوم وەڵڵاە چوار بوون.

لەو بەزمەدا، فیکرەت پەیدا دەبێت، ماوەیەک گوێیان لێ دەگرێت و دوایی سەربردەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە.

وای لێ هاتبوو، ئەگەر یەکێک بە زامداری گوتبا ئەم شتەت لای کێ بۆ دابنێم؟ دەیگوت بەس مەیدە بە مەحامی فیکرەت.

# عەونی یوسف وەرچەرخانێکی مێژوویی بۆ کورد کرد



وێنەکان: ئەرشیفی بەیان عەونی یوسف

**مەریوان مەسعود***

ئەگەر شاری سلێمانی شانازی بەپیاوێکی مەزنی وەکو (پیرەمێرد)ەوە دەکات کە توانیویەتی گڕی ئاگری نەورۆز لەو شارە بکاتە نەریتی ساڵانە و لە گردی مامە یارە جەژنەکە بەرز ڕابگرێت، ئەوا هەولێریش کەسایەتییەکی مەزن و بێ هاوتای وەکو (عەونی یوسف)ی هەیە، کە ئەوەی ئەو لە نەورۆزی ساڵی ١٩٤٧ کردی، هەم بوێری بوو، هەم پێشتر هیچ کەسایەتییەکی کورد ئەوەندە پەرۆشی ئاگری نەورۆز نەبووە و یەکەم ئاهەنگی جەژنی نەورۆزیش بووە لە مێژوودا کە بەئاشکرا و بە مۆڵەتی ڕەسمی بکرێتەوە و هیچ سانسۆرێکی لەسەر نەبێت.

عەونی یوسف، یان بەشێک پێیان وتووە (عەونی قازی) کە پارێزەر و دادوەر بووە، هەروەها پێگەیەکی سیاسی و گەورەی هەبووە و هەرگیز سڵی لە هیچ شتێک نەکردووەتەوە.

ئەم کەسایەتییەی هەولێر ئەگەرچی لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و سەروو چینەکانی کۆمەڵگە بووە، بەڵام هەمیشە تێکەڵاویی لەگەڵ چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە هەبووە و خۆی بە دۆستی خەڵک زانیوە، تەنانەت یەکێک لەو وتانەی هەمیشە لەسەر زاری عەونی یوسف بووە، ئەمە بووە: (عەمرم ڕووتەڵە... عەمرم ڕەشوڕووت)!، ئەمەش وەکو ئاماژەیەکە کە ئەو هەمیشە کەیفی بەخەڵکی هەژار و چینی خوارەوە هاتووە، ئەگینا عەونی قازی تەمەنی تەنها ١٢ ساڵ بووە کە لە هەولێر و ساڵی ١٩٢٠ پیاسەی بەئۆتۆمۆبێل کردووە لە دەوروبەری قەراتێ! کە ئەو کات ئەحمەد پاشای دزەیی ئۆتۆمۆبێلێکی جۆری (فۆرد)ی هێناوە بۆ هەولێر و عەونی یوسف لەگەڵ کوڕەکەی کاک ئەحمەد کە ناوی (خدر) بووە پیاسەیان کردووە!.


با بێمە سەر ئەسڵی مەخسەد، لە ساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابردوودا، بۆنە نەتەوەییەکان، بەتایبەت جەژنی نەورۆز لای خەڵکی کوردستان گەلێک گرینگ بووە، بەڵام پێویستی بەمۆڵەتی حکوومەت بووە، بۆیە کاتێک لە ئاداری ١٩٤٧ عەونی یوسف بەبوێرییەکی زۆرەوە بەناوی خۆی داواکارییەک دەداتە موتەسەڕیفی ئەو کاتی هەولێر (جەمال عومەر نەزمی) بۆ ئەوەی ڕێگەی بدەن ئاهەنگی نەورۆز بەئاشکرا لە ناوجەرگەی شاری هەولێر بگێڕێت، لە وەڵامی داواکارییەکەیدا، جەمال عومەر نەزمی دەڵێت: ئەو مۆڵەتە دەسەڵاتی من نییە بەڵکو دەسەڵاتی باوکمە (عومەر نەزمی) کە ئەو کات وەزیری ناوەخۆی عێراق بوو، بۆیە هەر لەوێدا و ڕاستەوخۆ دوای وەڵامەکەی موتەسەڕیفی هەولێر، عەونی یوسف بڕیار دەدات بچێت بۆ بەغدا و چاوی بە وەزیری ناوەخۆ بکەوێت، بە کرداریش چوو بۆ بەغدا و دیداری لەگەڵ وەزیری ناوەخۆ ساز کرد و دوای گفتوگۆیەکی دوورودرێژ، ئەویش دەڵێت ئەم مۆڵەتە زۆر گەورەیە و لە دەسەڵاتی ئەودا نییە، بەڵکو دەبێت سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕەزامەندیی لەسەر بدات، بێ گومان ئەو کات (نوری سەعید) سەرۆک وەزیران بوو، کە بەیەکێک لە بەهێزترین سەرۆک وەزیرەکان دادەنرێت لە مێژووی عێراقدا، بۆیە عەونی قازی، کۆڵ نادات و هەر چۆنێک بێت و لە ڕێگەی وەزیری ناوەخۆوە خۆی دەگەیەنێتە لای نوری سەعید و داوای مۆڵەتی ئاهەنگی نەورۆزی لێ دەکات، بەشێوازە قەناعەت پێهێنەرەکەی خۆی دوای ٢٠ دەقیقە گفتوگۆکردن، دەتوانێت سەرۆک وەزیران ڕازی بکات و سەربەرزانە مۆڵەتی ئاهەنگگێڕانی نەورۆزی ساڵی ١٩٤٧ بەئاشکرا بۆ هەولێرییەکان وەردەگرێت و بەدڵخۆشییەوە دەگەڕێتەوە هەولێر.

هەرچەندە هەندێک لە پیاوانی ئاینی لە هەولێر لە لایەنگرانی ئیخوان موسلمین دژی ئاگرکردنەوەکە بوون و لە هەندێک مزگەوت جاڕیان بۆ دا کە کەس بەشداری نەکات، بەڵام عەونی یوسف درێژەی بەکاروانەکەی خۆی دا و، لە گۆڕەپانی یاریگەی سەرجەم قوتابخانەکانی شاری هەولێر لەو ساڵەدا ئاگری نەورۆز کرایەوە و جەژنەکە پیرۆز کرا و بەپێی بۆچوونی توێژەرانی بواری مێژوو ئەم ئاهەنگەی کە عەونی یوسف بۆ نەورۆز لە هەولێر سازی کرد، وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو نەک هەر بۆ هەولێر و هەولێرییەکان، بەڵکو بۆ هەموو کورد، چونکە یەکەم جار بوو کورد بەئاشکرا و بێ ترس و بەمۆڵەتی ڕەسمی ئاهەنگی نەورۆز بگێڕێت.

بێ گومان ئامانجی سەرەکیی عەونی یوسف، بۆ ئەو ئاهەنگگێڕانە بەتایبەت لەو ساڵەدا، ئەوە بووە کە ئەو ساڵە کۆماری مەهاباد (کوردستان) ڕووخابوو، دیارە ئەو ویستوویەتی بەداگیرکەرانی کوردستان بڵێ: کورد زیندووە و نەمردووە!.

* جێگری سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ

# بەتۆمەتی هاوکاریکردنی پێشمەرگە سێ هاووڵاتی نانبڕاو دەکرێن



**د. سنوور سەباح**

حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٦٢، بەتۆمەتی هاوکاریکردنی پێشمەرگە، سێ هاووڵاتیی کوردی نانبڕاو کردووە و دەزگا ئەمنی و ئیدارییەکان دەستیان بەلێکۆڵینەوە کردووە.

بەپێی نووسراوێکی قایمقامی قەزای ڕواندز، کە لە ڕۆژی ٨ی ١٢ی ١٩٦٢ بۆ بەڕێوەبەری ناحیەی دیانای ناردووە، حەمەد ئەمین ئەحمەد سەیدا، موختاری گوندی هەنارە لە سنووری ناحیەی دیانا، ئێستا ئەو گوندە سەر بەقەزای خەلیفانە لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، لەگەڵ شەهاب ئەحمەد سەیدای برای و کەریم حەمەد عیسای خەڵکی گوندی خەلیفان (ئەوکات خەلیفان گوند بووە)، هاوکاریی پێشمەرگەیان کردووە.

قایمقامی ئەوکاتی ڕواندز لە نووسراوەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە، ئەو سێ هاووڵاتییە کوردە خواردەمەنییان بۆ هێزەکانی پێشمەرگە کۆ کردووەتەوە و داوای کردووە چیی تر کەلوپەلی خواردەمەنییان پێ نەدرێت.

## لە بەڵگەنامەکانی (محەمەد مەولوود مەم)

# لۆ سەلامەتیتان دەیڕووخێنین

**نازم دڵبەند**

هەر کە بۆ دیکۆمێنتێکی تر دەچمە ناو ئەو هەموانەی ناو باوڵەکەی مامۆستا (محەمەد مەولوود مەم)، بەمن بێت هەمووی بە یەکجار بهێنمە سەر لاپەڕەکانی (گڵکەند)، چونکە هەموویان گەورەیی مێژووی ئەم شارە و کەسە ماندوونەناسەکانی دەنەخشێنێ، دەردەکەوێ فەرمانبەر و کاسبکاری بازاڕ و خاوەن موڵکەکان، چەند ئەم خەڵکەیان خۆشویستووە، چەند لەگەڵ خەم و ئازار و خۆشییەکانیان ژیاون. لەو دیکۆمێنتەی لە بەرچاوتانە، کە بە ژمارە (١٣٨) لە (٢٦/١/١٩٣٩) لە سەرۆکایەتیی شارەوانی هەولێر بۆ بەشی (ملاحظ فني) نێردراوە، تیایدا ڕەزامەند بووینە لەسەر ڕووخاندنی ئەو خانووانەی خەڵکی تێدا دەژی و مەترسیی ڕووخانیان هەیە، پێ دەچێت ئەم خانووانە لە گەڕەکی (خانەقا) بووبن، ئەمەشیان بۆ پاراستنی سەلامەتیی سەروماڵی ئەو هاووڵاتییانە بووە، کە لەناو ئەم خانووانە ژیاون، هەر لەم دیکۆمێنتەدا ناوی خاوەن موڵکەکان هاتووە کە ئەمانەن:


١. شائول موسا بەزاز، جوولەکە بووە.
٢. شتای ڕەحیم.
٣. موختار شەریف و حاجی ساڵح.
٤. دانیال ساسۆن دلال، جوولەکە بووە.
٥. مردخای ئیسحاق، جوولەکە بووە.
٦. سلێمان حاجی علان.
٧. حەسەن حەماو ئاونجی.
٨. ئیبراهیم سەعید و سەریکانی.
٩. ئەحمەد حەوێز.
١٠. کەریم خەیلانی.
١١. ئەحمەد مەروان
١٢. شورتی ساڵح.
١٣. حاجی قادر شنۆیی.

هەموویان دڵخۆش بووینە بەم بڕیارەی سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر، بۆ ئەم هەنگاوە مرۆڤایەتییەیان، ڕەزامەندیش بووینە لەسەر ڕووخانی موڵکەکانیان لەم گەڕەکە، دیارە ئەمەش بەشێکی ترە لە دڵسۆزیی دەوڵەمەندانی شار بەرامبەر پاراستنی گیانی هاووڵاتییان و دوورخستنەوەیان لە هەر چ کارەساتێک، خوانەخواستە بێتە ئاراوە، بۆیە شارەوانیی هەولێر لۆ سەلامەتیی ئەوان ئەم کارەی کردووە



وێنە: عومەر عەبدولڕەزاق

## مێژووی هونەر لە هەولێرێ



ئوسامە جەمیل

# حەیران

حەیران جۆرەکە لە مەقامی ڕەسەنی کوردی و لەسەر پەیژەی مەقامی بەیات دەگوترێ، مارف خەزنەدار لە پێناسەی حەیراندا نووسیتی: «ناوی ئەو جۆرە شیعرە میللییەیە کە بە دیالێکتی کرمانجیی خوارەوو، بە تایبەتی بەشی سۆرانی دەهۆنرێتەوە و لە ناوچەکانی دەشتی هەولێر و ڕۆژئاوای کۆیە و خۆشناوەتی و تا ڕواندز دەکشێ تا دەگاتە مەهاباد، بە زۆری لەناو خێڵەکی و دەشتەکییەکاندا باوە»، غەفوور مەخمووریش لەبارەی حەیران نووسیتی: «حەیران ئەو ئاوازە بەسۆزەیە کەوا لە گەرووی شمشاڵی شوانەکانی کوردستان دێتە دەرەوە و بە ڕۆژگارێکی تر ئاشنامان دەکات کە ڕابردووە»، دیارە ئەو پێناسەی غەفوور مەخمووری کەموکورتیی تێدایە، چونکە مەرج نییە، بەس شوان حەیرانی برێ، بەرکوو هەرکەسەک دەنگی خۆش بی و شارەزای حەیرانی بی، دەتانی بیرێ. ئەسعەد عەدۆ پێی وایە حەیران جۆرە مەقام و ئاوازەکی تایبەتە، دەنگی زوڵاڵی ڕەسەنی کوردە، پەخشانەکی ڕازاوەی سەروبن گرێدرایە، مرۆڤی کورد دەگەڕێنیتەوە جیهانی ڕەسەنی کورد و بە ئاسمانی کوردستانێ بارەفڕکێ دەکا

حەیران لە ڕووی مەبەستەوە بە ئامانج دەگوترێ و لە ڕووی ڕیتم و مۆسیقاش ئیقاعی تایبەت بەخۆی هەیە، چەند جۆرەکیشی هەیە، زۆربەی لێکۆڵەرانی بواری حەیران دەرێن: حەیران دوو جۆرە؛ مەجریسی و سەرچیایی، سەرچیایی ئەو جۆرەیە کەوا حەیرانبێژ بە دەنگەکی بەرز دەیرێ و هەتا کۆتاییەکەشی ناپسێنتەوە، واتە ڕاناوەستی، مەجریسیش ئەوەیە لە دیوەخان و دانیشتنی ماران دەگۆترێ و بە دەنگەکی نزم و لەسەرەخۆ دەردەبڕدرێ، عومەر شێخەڵڵاش پێی وایە حەیران دوو جۆری دییە، ئەویش نەونەمامان، کە ئی گەنج و لاوانە و بە دەنگی بەرز و چڕ دەیرێن و هەندەک جار بەستەشی لەگەر دەرێن، دووەمیشیان: حەیرانەی لەخۆگەڕاوان، ئەوەیان ئی جوامێر و پیاوماقووڵانە و بە هێمنی و لەسەرخۆیی دەگۆترێ، لە هەمان کاتدا حەیران لەسەر بنەمای جوگرافیاش دابەش دەکرێ، ڕزگار خۆشناو پێی وایە حەیرانی سەرچیایی ناوچەی خۆشناوەتی دەگریتەوە، واتە مەسیف سەڵاحەدین و شەقراوە و هیران و هەریر، جۆرەکی دی ناوچەی کۆیە و ڕانیە و قەرادزێ دەگریتەوە، جۆری سێیەمیشیان حەیرانی دەشتی هەولێرییە کە خۆی لە هەردوو هۆزی دزەیی و گەردی دەبینیتەوە.

ڕەسور گەردی یەکەم کەس بووە لە شاری هەولێرێ مۆسیقای تێکەری حەیرانی کردییە و لە ئێسگەی بەغدایێ تۆماری کردییە، ساری ١٩٤٥ چووبووە ئێسگەی بەغدایێ و کۆمەرەک حەیرانی تۆمار کردییە، ئەو لە ماوەی تەمەنی خۆی (٢٥٠) حەیرانی تۆمار کردییە، کە باسی حەیرانی بکرێ دەبێ باسی ئەو بکرێ، بەو کارەی تانیتی ژمارەکی زۆر لە حەیرانی لە فەوتانێ بپارێزی، جگە لەوەش خۆی دەستەکی بارای لە دانانی حەیرانی هەبووە، پاشی ویش حوسێن کێشکەیی چوویتە ئێسگەی بەغدایێ و کۆمەرە لاوک و حەیرانەکی تۆمار کردییە

ژمارەکی زۆر لە حەیرانبێژی بەتوانا لە دەشتی قەراج و کەندێناوەی سەریان هەردایە ئاغەکانی دزەیی گرنگییەکی زۆریان بە حەیرانی دایە و بە هۆکاری سەرەکیی گواستنەوەی حەیرانی لە نەوەکی لۆ نەوەکی دی لە هەولێرێ دادەندرێن، ئێسگەی کوردی بەغدایێ و ئامێری قەوانی ڕۆڵی سەرەکییان بینییە لە پاراستنی حەیرانی، مشکۆ و جەمیلە لە شاری هەولێرێ لە بۆنەکان حەیرانییان گۆتیە، عوسمان حەیران و حەسەن حەیران دوو ناوی دیارن لە بواری حەیرانێدا، لە دەشتی قەراج و کەندێناوەش حەمەد بەگی یێکەکی دییە و سەتان حەیرانی گۆتییە، بەگشتی تا کۆتاییی حەفتایەکان ئەوەی حەیرانی لە ئێسگە و تەلەڤزیۆن تۆمار کرد بەس ڕەسور گەردی بووە، نەچوونی ئەوانی دی لۆ ئێسگەی ڕەنگە پەیوەندیی بەباری کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمی هەبووبی، بێجگە لە پیاوان، ئافرەتانیش لە گۆتنی حەیرانیدا ڕۆڵیان هەبووە، لەوانە: مەنیج حەیرانی موکریانی، خەزالی حەیرانبێژ، خەجێ عەبدوڵڵا، ئامینەی حەیرانبێژ، حەیشێ عەبدوڵڵا سنجاوی، حەلیم بادینی، فاتە سۆری حەمەد عەلی، بەگمە سۆر و چەندانی دیکە.

# چوار شوورایەکەی هەولێر دۆزرانەوە




دوو وێنەی تێکهەڵکێشراوی ١٩١٩ و ١٩٦٨ لە ڕێگەی GIS

محەمەد لەشکری

هەر کە باسی هەولێر دەکرێت، بیرمان دەچێتەوە سەر ئەو وتەیەی کە کۆنترین شاری جیهانە ژیانی تێدا بەردەوامە، کە گونجاویی پێگەکە و هەبوونی بەرهەمە پێویستەکانی ژیان، وایان کردووە دەوروبەری هەولێریش نشینگەیەکی چاخی بەردینیی کۆن بووبێت.

مرۆڤ چ وەک تاک چ وەک کۆمەڵ و گرووپ لەپێناو درێژەدان بە ژیان، بەردەوام هەوڵی پارێزگاریکردن لە خۆیان داوە، گرینگیی هەولێریش لە بوونی شوورەیە بەدەوریدا، هەر شارێک شوورەی هەبووبێ لە کۆندا، گرینگیی شارەکە دەنوێنێ لە لایەنی کارگێڕی، سیاسی و ئابووری.

پاشا دادوشا (١٨٠٠-١٧٧٩ پ.ز) کە لە ناوچەکانی گۆمی دیالە و دەوروبەری واتە شانشینی ئەشنۆنە هێرشی کردووەتە سەر شاری هەولێر، سەرکەوتنەکەی لەسەر میلێکی بەرد تۆمار کردووە، تیایدا باسی ئەوە کراوە کە هێرشی کردووەتە سەر شاری هەولێر و شوورەکەی ڕووخاندووە، بنکە سەربازییەکانی خۆی تێدا جێگیر کردووە.

هەندێک کات هەولێر لە سەردەمی خۆشگوزەرانییدا بووە، بەتایبەت لە سەردەمی چاخی ئاسنی (٦١٢-١٥٩٥ پ.ز) لە ترۆپکی شارستانی و گەشەسەندنیدا بوو، لەو ماوەیەدا بۆ یەک جاریش باسی داگیرکردنی نەکراوە، بەشێوەیەک لە شێوەکان گرینگترین پەرستگای خواوەندی عەشتاری شەڕی لێ بووە.

زۆر ڕووداوی تر گێڕانەوە و ڕووخانی شوورەی سەر کەمەر باس دەکەن، بەڵام بە زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و گەورەبوونی شار و دابەزینی بۆ دامێنی قەڵا (شاری خوارەوە) و فراوانبوونی بەئاراستەکانی دەوری قەڵا، شار پێویستی بە شوورای تر هەبوو بۆ پاراستنی شاری خوارەوە (خوار قەڵا)، بۆیە شوورای تر لە دەوری شاری هەولێرە دروست کراون

لە دوای گەیشتنی هەواڵی مردنی سوڵتان موزەفەرەدین کوکبری (١٢٣٢ز) بە خەلیفە موستەنسر، خەلیفە بڕیار دەدات بە دانانی جێگرەوە، بۆ ئەم مەبەستەش هێز دەجووڵێنێ، خەڵکی هەولێر دژی سەربازانی خەلیفە لەسەر دیواری شوورە ڕاوەستاون و بەرگرییان کردووە، بەڵام هێزی خەلیفە بەسەرکردایەتیی (ئیقبال ئەلشرابی) دیواری شوورە دەشکێنێ و لە خەندەقەکەش دەردەچێ و شاری هەولێر داگیر دەکا، دوای دانانی یەکێک لە گوێڕایەڵانی خەلیفە، بڕیار دەدەن شوورەکە و خەندەقەکە چاک بکرێتەوە.

زۆربەی مێژوونووسان و گەڕیدەکان کە سەردانی هەولێریان کردووە باسی شوورەی هەولێر دەکەن وەک یاقووت ئەلحموی لە موعجەم ئەلبولدان، گەڕیدەی ئەڵمانی نیپۆر (١٧٦٦ز)، گەڕیدەی فەرەنسی ئۆلیڤیە (١٧٩٤ز) کە دەڵێ هەولێر لەسەر گردێکی دەسکردی بڵند دروست کراوە، سەرەوەی تەختە، شوورەیەکی کۆنی بەدەوریدایە.

توێژەرانیش لە بارەی مێژووی شاری هەولێر زۆر جار باسی شوورەی هەولێریان کردووە، هەموویان درکیان بەیەک شوورە کردووە، ئێستا لە ڕێگەی هەستپێکردن لە دوورەوە (Remote sensing) و (GIS) توانیومانە بەهۆی هەندێک وێنەی ئاسمانیی فڕۆکەوانی و سەتەلایت، هەندێک وێنەی شاری هەولێرمان دەست بکەوێ و کاری لەسەر بکەین، سەرەتا لە (٢٠١٣) بەشانازییەوە وەک ئەندامێکی تیمی هەڵکۆڵین بەنوێنەرایەتیی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شوێنەوار بەشدار بووم لە دۆزینەوەی شوورای سەر کەمەری قەڵای هەولێر کە شووراکە یەکەمین شوورای شار و قەڵایە.

لە کارکردن لەسەر وێنەکان بۆمان دەرکەوت کە هەولێر زیاتر لە شوورایەکی هەبووە، بێ گومان ئەوش گەورەبوونی شار نیشان دەدا لە سەردەمە جیاوازەکاندا، لە وێنەی یەکەمدا کە لە ١٩١٩ گیراوە، زیاتر باکووری ڕۆژئاوای قەڵا و شار نیشان دەدا.

ئەمە کۆنترین وێنەیە کە دەتواندرێ شوێنەواری سێ شوورەی لەسەر دیاری بکرێ، جگە لە شوورای کەمەری، شوورەی دووەم دەکەوێتە خوار قەڵای هەولێر بە دووریی جیاوازەوە لە نێوان ٧٠م بۆ ١٥٠م، خۆشبەختانە پار لەلایەن پەیمانگای فەرەنسییەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیک و کۆمیسیۆنی بووژاندنەوەی قەڵای هەولێر بەسەرپەرشتیی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شوێنەوار و کەلەپوور تواندرا شوورەی دووەم بدۆزرێتەوە.

لە ١٥ی ئاداری ٢٠٠٦ عەبدولڕەقیب یوسف کە لە هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوودا ناسح حەیدەری پێی گوتووە دیواری شوورای هەولێر دەکەوێتە ناو خانووی بەرێزیانەوە، لەمبارەیەوە عەبدولڕەقیب کارێکی هەڵکۆڵینی شوێنەواری دەکەن و ڤیدیۆیەک دروست دەکا بەناوی (پارچەیەک شوورای هەولێر)، ئەم کارەی مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف دۆزینەوەی شوورەی سێیەمە کە لە دوو وێنەی تری ئاسمانی کە لە ساڵی ١٩٥١-١٩٥٣ گیراون.

## سەباح عەبدولڕەحمان

## یادگەی خۆم وەک خۆی



وێنە: زێبەند سەعدوڵا

# لەسەر کەتنەکەی مزگەوتێکی هەولێر لێدانم خوارد

من کە لە پۆلی یەکی سەرەتایی بووم، لە قوتابخانەی (مستەوفی) لە گەڕەکی (تەیراوە)، بە ڕووداوێکی کتوپڕی دڵتەزێن لە گۆڕەپانی غارغارێنی نمایشی ساڵانەی قوتابخانەکان تاقە برایەکەم بەربووەوە و گیانی لەدەست دا، ئەو ڕووداوە بۆ هەولێرێکی بچووکی چوار گەڕەکی زۆر گەورە بوو، بۆ قوتابخانەش کارەساتێکی خەفەتئامێز بوو، لە بیرمە ئەو ڕۆژەی هەموو قوتابیان لە گۆڕەپانی قوتابخانە ڕیز کران، بەدەم سروود و وتاری مامۆستا (جەمال جەمیل)ی بەڕێوەبەر و مامۆستا (محەمەد عەبدولسەمەد) مامۆستای وەرزش پەڕاوەکانی (سەلاح)ی برامیان سووتاند.

لەنێو ئەو هەموو ڕووداو و گۆڕانکاری و کارەساتانەی من لەناو خێزاندا وەک کوڕێکی تاقانەی چوار خوشک و باوکێکی جگەرسووتاو و دایکێکی پەککەوتە، لەناو فیز و نیعمەتێکی زیاد لە لزووم بەخێو کرام، ئەوەی ویستوومە دڵیان نەشکاندووم بۆم دابین کراوە هەر هەموویان کە خوێندەوار بوونە بایەخیان بەفێرکردنی من داوە، لە قوتابخانە تا پۆلی پێنج و شەش زیرەک بووم بەڵام منداڵێکی پڕ جووڵە و حەروک و لەخۆبایی. حەزم لە گەمەی نێو منداڵانی گەڕەک بووە. لەگەڵ خالید و سابیری مەلا ئەحمەد و باقیە شێتۆکەی نورەدین سەرتاش و کەمال و جەمالی حەمەوەیسی و ئەحمەد جامباز و عوسمانی برای و جەمال حەلاق و فەرهادی مام شەریف و سەیفەدین ئیسماعیل و تەڵعەتی مام عارف و هیی تر. لە نێوانیاندا سەباحێکی وردیلەی لاوازی ڕەقێتە بەڵام زۆرزان و متمانە بەخۆم و لەخۆم ڕازی بەردەوام بە جلوبەرگی پۆشتە و تازە لەنێو منداڵان دەردەکەوتم.

لە ئاڵنگاری و سەرکێشیی گەمەکردن پێشەنگ بوویمە، زۆر کەتنم کردووە. هەرچی ئامێرێکی تازە کەوتبێتە بەردەستم حەزم کردییە شارەزای بم و نهێنییەکانی بزانم چەند کاتژمێر و ڕادیۆ و پایسکلم هەڵوەشاندووەتەوە و سەقەتم کردوون. لە ئەنجامی ئەو بزێوی و سەرکێشییانەمدا تووشی چەندین بەسەرهاتی سەیروسەمەرە بوویم.

ئەوەی کە باس دەکەم لەو قۆناغەیە کە ماڵمان لە تەیراوە گوازرابووەوە گەڕەکی عارەبان. ئەوکات هەولێر جگە لە دانیشتوانی قەڵا. بەچوار گەڕەکی سەرەکی دەورە درابوو تا دوور بەدووری شاریش کۆشکی مەلافەندی لەسەر قەڵا دەبینرا دەکەوتە پشت گەڕەکی سێتاقانی ئێستا. ئۆردوگای سەربازییش دەکەوتە ڕۆژهەڵاتی گەڕەکی تەیراوە (ئۆرزدی) لە پاڵیەوە کورانی عەنکاوە بوو، ئینجا عەنکاوە کە تەنها هاونیشتمانیانی کریستیان تێیدا دەژیان و بە چاندن و کشتوکاڵ خەریک بوون و شەی ((ئاقار)) ئەو شوێنە بوو کە ژمارەیەک لەو کەسانەی بۆ ئارەق خواردنەوە سەردانیان دەکرد لەنێوان هەولێر و عەنکاوە کە دوورەشار بوو.. ئەوانەش بە مەبەستی خواردنەوە دەچوونە ئاقار کەسانێک بوون زەرەر و زیانیان بۆ باری کۆمەڵایەتیی ئەو شارە نەبووە لە ڕووی ڕەفتار و خراپەکانی لە پەیوەندییەکانیان.

لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنم بۆ قۆناغی هەرزەکاری. بژاردەی ئارەزوو و هەڵبژاردنی برادەر و بەسەربردنی کاتم گۆڕانکاریی بەسەردا هات. داواکارییەکانم زیادی کرد. پایسکلم بۆ کڕا. دەرفەتی فراوانکردنی گەڕان و دیتنی شوێنی تازەم لەگەڵ برادەرانی قوتابخانەی (نەهزە) جیاواز بوون لەوانەی پێشترم. تەڵعەت عارف و جەودەت شاکر و ڕەمزی سادق و دارا عوسمان و عەبدولقادر خەلیفە و سەیفەدین ئیسماعیل و حازم فازڵ، هەموو ئاوەزی خۆم بوون. حەز و ویستمان وەک یەک بوو. من بۆ خۆم هەر چالاکییەک ڕێک خرابا لە قوتابخانە بەشداریم دەکرد. گرووپی دیدەوانیی قوتابخانە؛ ساڵانە ئۆردوگایان بۆ دەکراوە لە سەرمەیدانی شەقڵاوە من لەگەڵدا بووم. شەوانە لە ئاهەنگەکانی قوتابخانەکانی بەشداربوو لە دیدەوانی من گۆرانیبێژی یەکەم بووم لە دەنگخۆشی.

هەموو گۆرانییە گەنجانە و سەردەمیانەکەی ئەوکاتم لەبەر کردبوو بە دەق و ئاوازەکانی. بەردەوام لە ماڵەوە گوێگری گۆرانیبێژەکانی ئەوکات بووم. (فوئاد ئەحمەد، شەماڵ سائیب، عومەر ڕەزا) دەنگێکی باریک و سافم هەبوو. کە گۆرانییە عەرەبییەکانی وەحیدە خەلیل و زهورە حوسێنم دەگوت ئەگەر نەیانبینیبام وایان ئەزانی دەنگی ژنانە. لە نووسین و خوێندنەوە زۆر زیرەک بووم قسەزان و ڕۆح سووک و زۆرزان بووم. مامۆستایان خۆشیان دەویستم هەموو ڕۆژێکی پێنجشەممان لە گۆڕەپانی قوتابخانە لە هەڵکردنی ئاڵا (تحیە العلم) سروودم ئەوت و دواتر بەچەند چالاکییەکی هەڵبەست خوێندنەوە یان لاساییکردنەوە و نواندن بەشدار بووم.

مامۆستای وانەی ئاین لە قوتابخانەی (نەهزە) تیپێکی نواندنی دامەزراندبوو.. من پاڵەوانی ئەو تیپە بووم. نامیلکە و پەڕتووکی چیرۆکی ئاینی دەهێنا و دابەشی دەکردە سەر تیپەکە. ڕۆڵی نواندنی کارەکتەرەکانی دابەش دەکرد و ڕاهێنانی پێ دەکردین هەندێ جار لەناو پۆل و جار جارەش لە گۆڕەپانی قوتابخانە نمایشمان دەکرد. هەموو بابەت و ناوەڕۆکی ئەو نواندنانەش بابەتی ئامۆژگاری و ژیاننامەی ناودارانی ئیسلام بوون. زۆرجار مامۆستای ئاین ڕێنمایی دەکردین کە سەردانی پەڕتووکخانەی ئیسلامی بکەین بۆ بەدەستهێنانی ئەو پەڕتووکانە بەخۆڕایی. هەر هەمان مامۆستا هانی دەداین کە ڕۆژانی هەینی بچینە مزگەوتی (شێخی چۆلی) بۆ نوێژ و گوێگرتن لە وتاری هەینی. هەر لەو ڕۆژگارە کەتنێکی بێ ڕەوشتی لە مزگەوتێک ڕووی دابوو، بووبووە دەنگۆیەکی بەربڵاو، لە هەموو شوێنێک باس باسی ئەو ڕووداوە بوو. ڕۆژێکیان باوکم لە ماڵە و ئێوارە بوو خواردنیان بۆ دانابوو. بەدەم نانخواردن ئەو مەوزووعەی بۆ شێمحەمەدی زاوامان باس دەکرد. کە ناوی مزگەوتی هێنا من وەک خۆهەڵکێشانێک بەکارە باشەکانم گوتم بابە دەنا ئەمەش ڕۆژانی هەینی لەگەڵ فلانە مامۆستا دەچینە مزگەوت. باوکم هەرکە گوێی لەو قسەیە بوو پارووەکەی دەستی فڕێ دایە ناو سێنی بەردەمی و بەدەستێک لاپیلێکی ڕاکێشام و بە دەستەکەی تری شەقازللەیەکی لە بناگێم قایم کرد.

کەوتمە هاوار هاوار و ئای بابە و ئای دایە. بەڵام باوکم ئەوەندە توند و تووڕە بوو کەس نەوێرا بێتە پێش. وەستا شێمحەمەدی زاواشمان لە باوکم توندتر و بێ جەرگ، دەیگوت لێ گەڕێن با تەمبێ بی جارەکی دی بێ ئاگەداریی باوکی ئیشان نەکا. ئاخر من دەمزانی باوکم پیاوەکی خواپەرست و ئیماندار و خێرەومەند بوو. لە کاتی دەستبەتاڵی لە دوکانەکەی خەریکی قورئان خوێندن بوو. بەڵام نەمزانی ئەو هەڵوێست و تووڕەبوونەی لە چ بوو. جا سزاکەم هەر بەوەندەی تەواو نەبوو. جاران قەرەوێڵەی خەوتن لە چیلکی دارخورمای دروست دەکرا. ئەو بەسەرهاتەم وەک کورتە نواندنێک لە بیرەوەریدایە. چۆن خۆم وێکهێنابووەوە و بە خشکە خشکە خۆم گەیاندە سووچێکی دوور لە باوکم و زاواکەی. بەلاچاوەکی سەیرم دەکردن ناوە ناوەش هەنسکم دەهاتێ. باوکم خۆی شێلو نەدەکرد. مەلای عیشایێ بانگی دا. نوێژەکەی کرد. دەستی دا حەیزەرانەکەی. لە من نزیک بووەوە. پیلی گرتم و گوتی هەڵسە. بردمیە نزیک قەرەوێڵەکە. لایەکی بەرز کردەوە و پێی گوتم. بڕۆ ژێری. بە ترس و لەرزەوە خشیمە ژێر قەرەوێڵەکە داوای کرد نوێنەکە بێنن و لەسەر قەرەوێڵەکە ڕایبخەن. ئیتر تا مەلا بانگدانی ڕۆژی دووەم لەنێو قەفەسەکە لەسەر عەردێکی ڕەقوتەق ڕاکشام. باوکیشم بەکەمالی ئیسراحەت لێی پاڵ داوە. دیار بوو کە باوکم لەسەر بەرماڵی نوێژی بوو. خوشکم هات و بە ئاسپایی لاتەنیشتەکی قەرەوێڵەکەی بەرز کردەوە و پێی گوتم هەڵسە. هەڵسە وەرە دەرێ. ئەوە لۆ وەی تەمبێ بی و جارەکی دی سەربەخۆ ئەو ئیشانە نەکەی. ئەوجارەشیان ئازاد کرام و دەرباز بووم.

## قسە خۆشەکانی وەستا فەیسەڵ

# لە کامێراوە تا مەکینەی ڕیشتاشین

**هەرمان خالید**

وەستا فەیسەڵ، وێنەگرێکی کۆن و ناسراوی هەولێرە، ئێستا زیاتر بەقسە خۆشەکانی و وەستاییەکەی لە بواری ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان دەناسرێتەوە، بەشێک لە قسەکانیشی لە سۆشیال میدیا بوونەتە ترێند.

ئەو لە پەنجاکانی تەمەنیدایە، جگە لە زمانی کوردی، زمانی عەرەبی بەباشی دەزانێت و دەشڵێ "بە برای خۆم برێم ئینگلیزییەکەشم خراپ نییە". زیاتر لە ٤٠ ساڵە کامێرا و ئامێری ڕیشتاشین و هەموو ئەو کەلوپەلانە چاک دەکاتەوە، کە بەشێوەی ئەلیکترۆنی دروست کراون و خەڵک بۆی دەبەنە دوکانەکەی.

لە دیدارێکدا لەگەڵ (گڵکەند)، وەستا فەیسەڵ باس لەوە دەکات کە سەرەتا وەستا کەماله کەڕ و دەریا عەسکەری هەبوون لە هەولێرێ، کە کامێرایان چاک دەکردەوە، دوای ئەوانیش ئەو فێری ئیشەکە بووە و دەستی بەو کارە کردووە.

وەستا فەیسەڵ فێربوونی چاککردنەوەی کامێرا بۆ حەز و خولیای خۆی، بۆ کامێرا و وێنەگرتن گەڕاندەوە و گوتی "ساری هەشتاکان کامیرەم دەکڕی و دەفرۆشتەوە، دوایێ ماوەک دەستم بە ئیشی وێنەگری کرد، ئەگەر کامیرەی خۆم یان ئی برادەران عەیبەکی هەبا، دەمکردەوە و خۆم لەسەر فێر دەکرد، هەتا چام دەکردنەوە".



وێنە: ڕێبەند سەعدوڵا

هەروەک وەستا فەیسەڵ باسی کرد، ئیشی لە چەندین جۆری کامێرا وەک یاشیکا، کیێڤ، کۆنیکا، سینەت، کانوون و کۆداک کردووە و چاکی کردوونەتەوە، بەڵام بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا و پەیدابوونی مۆبایل، ئیشەکەی کز بوو، بۆیە ئێستا ئامێری ڕیشتاشین و هەموو ئامێرێکی ئەلیکترۆنی چاک دەکاتەوە و زۆرترین مامەڵەی لەگەڵ سەرتاشەکانی هەولێرە، کە بەردەوام ئامێری ڕیشتاشینەکانیان بۆ چاک دەکاتەوە.

لە سۆشیال میدیادا گوتەیەکی وەستا فەیسەڵ بووەتە ترێند و خەڵک بۆ خۆشی دەیگێڕنەوە، کە لە کورتە ڤیدیۆیەکدا دەڵێ بەهۆی پەیدابوونی مۆبایل کە کامێرای چاکیان پێوەیە، ئیشەکەی نەما، بۆ دابینکردنی بژێویی خۆی و خێزانەکەی بڕیاری دا ئامێری ڕیشتاشین چاک بکاتەوە، بەس لە بەختی ڕەشی وی، خەڵک وازی لە ڕیشتاشینیش هێنا و ئێستا گەنج هەموو ڕیشیان دەهێڵنەوە.

وەستا فەیسەڵ باسی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووی کرد، کە ئەو سەردەمە کامێرای بەکرێ دەدا و گوتی خەڵک نەیاندەتوانی کامێرا بکڕن، بۆیە ئەو کاتانەی پێویستیان بە کامێرا دەبوو، دەهاتن بەکرێیان دەبرد و فیلمەکانیشیان دەبردە تاقیگەکان و لەوێ دەشووریایەوە وێنەکان چاپ دەکران.

ئەو وەستایە جگە لە کارەکەی، بەردەوام کامێرای پێیە و وێنەی دیمەن و شتی جوان دەگرێ، هەروەها چەندین جۆر کامێرا و کەلوپەلی تایبەت بە کامێرای وەک ئەنتیک هەڵگرتووە و پێشانگایەکیشی بۆ کەلوپەل و کامێراکانی کردووەتەوە.

ئەو پێی وایە وێنە گرینگییەکی تایبەتی هەیە و هونەری فۆتۆگرافی بەشێکی گرینگە لە تێگەیشتن لە ڕووداوەکان، نموونەشی بەوە هێنایەوە کە ڕۆژنامە بەبێ بوونی وێنە هیچ تام و چێژێکی نابێ و پەیامەکەی بە ئاسانی و دروستی ناگاتە خوێنەر.

# مام قادر پاڵەوانی تەنزەکانی نووسەرێک

**هەژار مەجید**

مام قادر، کارەکتەرێکی ناو سۆشیال میدیایە و بەشێوەی تەنز باسی کێشە کۆمەڵایەتی و هەنووکەییەکانی کوردستان دەکات.

د. لوقمان فاروق نانەکەلی، لە کۆتاییی شەستەکانی تەمەنیەتی، لەدایکبووی گەڕەکی تەیراوەی هەولێرە. ئەو تەنزەکانی لەسەر زاری مام قادر بەشێوەزاری هەولێری دەنووسێت.

لەبارەی ئەو شێوازە نووسینە بە (گڵکەند)ی ڕاگەیاند "زمانی کوردی زۆر دەورەمەندە، بەران هەتا ئەلعانیشی لەگەردا بی زمانەکی ستانداردی یەکگرتوومان نییە".

ئەو کەسایەتییە کە دابونەریتی کوردەواری بەسەریدا زاڵە و ڕەنگدانەوەی بەسەر ژیانی ڕۆژانەیدا هەیە، پێی وایە نەتەوەی کورد، کولتوور و کەلەپووری زۆر جوانی هەیە، بەگرینگی دەزانێت نەوەی تازە هۆشیار بکرێنەوە لە کولتووری کوردەواری و هەر کەسێکیش بەسەرهات و چیرۆکەکانی ناوچەکەی خۆی، بە شێوەزاری خۆی بنووسێتەوە، تاوەکو بتوانرێت پارێزگارییان لێ بکرێ و چیرۆکەکان تاموچێژی خۆیان لەدەست نەدەن.

لوقمان نانەکەلی، وەک خۆی دەڵێ، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا دەستی بە نووسین کردووە، خاوەنی ١٢ کتێبی چاپ کراوە، کتێبێکی تریشی ئامادەیە بۆ چاپ، یەکەم بەرهەمی شیعری لە ڕۆژنامەی هاوکاری ساڵی ١٩٨٩ بڵاو کردووەتەوە، یەکەم کتێبیشی ساڵی ١٩٩٩.

نانەکەلی زیاتر لە ١٠ ساڵە لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک تەنزی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەنووسێت، چەندین چیرۆک و بەسەرهاتی ڕاستەقینە لەسەر زاری مام قادر دەگێڕێتەوە، تاوەکو ئێستا نزیکەی ٣٠٠ بەشی لێ نوسیوە، وەک خۆی ئاماژەی بۆ دەکات، توانیویەتی لە ڕێگەی ئەو تەنزانەوە باشتر پەیامەکانی بگەیەنێت.

لوقمان نانەکەلی پێی وایە خەڵکی کەسایەتیی مام قادریان خۆشدەوێت و دەستخۆشیی لێ دەکەن بۆ ئەو شێوەزارە نووسینە و تەنزەکانی، نیگەرانیشە لەوەی کە بەشێک لە بەکارهێنەرانی فەیسبووک نووسینەکانی دەبەن لە پەڕەی خۆیان بڵاوی دەکەنەوە بێ ئەوەی ئاماژە بە ناوی ئەو بکەن.





## یەکەم ژنە شۆفێر لە هەولێر:

# منداڵ بەردیان تێ دەگرتم

**هەرمان خالید**

ئەو ژنەی بۆ یەکەم جار لە هەولێر، مۆڵەتی شوفێریی وەرگرت، باس لەوە دەکات کە منداڵان بەردیان لە ئۆتۆمۆبێلەکەی دەگرت، ئەویش چوکلێت و شیرینیی دەدانێ.

سامیە شاکر ناسراو بە سامیە مەشخەڵ، ژنە مامۆستایەکی خەڵکی هەولێرە، ئەو لە ساڵی ١٩٦١ لە تەمەنی ١٩ساڵیدا، مۆڵەتی شوفێریی وەرگرتووە. لە لێدوانێکیدا بۆ (گڵکەند)، ئاماژەی بەوە کرد، پێش ئەویش چەند کچ و ژنێک هەبوون فێرە شۆفێری بووبوون، بەڵام ئەو یەکەم ژن بووە مۆڵەتی شۆفێریی دەرهێناوە، ”یەکەم ئۆتۆمۆبێلیشم ڤۆڵگای ڕووسی بوو“.

سامیە مەشخەڵ ڕۆڵی باوکی لە پەروەردەکردنی بە گرینگ زانی ڕای گەیاند، کە لە منداڵییەوە باوکی لەگەڵ خۆی بردوویەتییە ناو کۆڕ و دانیشتنەکانی و لە گەشتەکانیشیدا بۆ دەرەوەی کوردستان و عێراق، یاوەری بووە، بۆیە لە کچانی هاوتەمەنی خۆی جەربەزەتر بووە و زوو فێرە شۆفێریکردن بووە.

ئەو کاتەی ئەو ژنە هەولێرییە شۆفێریی کردووە، کەمتر لە ٤٠ ئۆتۆمۆبێل لە هەولێر هەبوون، مۆڵەتی شۆفێریکردنی ئەو، ژمارە ٣٥ بووە. ئەو باسی سەرەتای شۆفێرییەکەی کرد و گوتی: کە شۆفێریم دەکرد منداڵان بەردیان لە ئۆتۆمۆبێلەکەم دەگرت، منیش دەهاتمە خوارەوە و نوقڵ و شیرینیم دەدانێ.

# چایخانەی حاجی مستیل



## سینگڵ بۆی نەبوو لەم قاوەخانەیە دابنیشێت

**ئامادەکردنی: سەباح پیربال قەساب**

مەرج نییە مێژوو بە نووسین بنووسرێتەوە، بەڵکو دەکرێت بەچەندین شێوازی تر ئاماژە بدرێت بە ژیان و چالاکیی ئابووری و هەڵسوکەوت و کار و پیشە و تێپەڕبوون بەقۆناغەکانی پێشکەوتنی مرۆڤ. لەم گۆشەیەدا هەرجارە و پیشەوەرێکی شاری هەولێر دەخەینە بەرچاوی خوێنەران پاڵپشت بەتابلۆیەک کە لە خەیاڵی هونەریماندا هەڵقووڵاوە و خەیاڵی وێنەکان دەگەڕێنەوە بۆ ساڵی ١٩٦٥- ١٩٧٠.

ناوی پیشەوەر: حاجی مستەفا محەمەد ناسراو بە حاجی مستیل چایچی

لە ساڵی ١٩١٢ لە گوندی (بیرێژیان)ی سەر بەناحیەی پیرمام — هەولێر لەدایک بووە، لە تەمەنی لاویدا دێنە هەولێر و یەکەم جار پیشەی کاروانچییەتی دەکات و لە گەڕەکی خانەقا نیشتەجێ دەبن و خێزان پێک دەهێنێت، پاشان دەگوازنەوە بۆ خانووە تازەکەیان لە گەڕەکی سێتاقان، پاشان پیشەکەی دەگۆڕێت و چایخانەیەک دادەنێ لە بەرامبەر قەڵای هەولێر نزیک مزگەوتی خانەقای کۆن شوێنی چایخانەکەی، بەرامبەر چایخانەی مەچکۆی ئێستا، شوێنی دوکانەکانی وەستا دلێر فۆن.

لە ساڵی ١٩٧٦ کۆچی دوایی دەکات و هەشت منداڵی لە دوای خۆی جێهێشتووە. ناوی کوڕەکانی: محەمەد، ڕەشاد، بایز، زیاد، عیماد، نیهاد.

(ئەم زانیارییانەم لە پەڕتووکی بنەماڵە دێرینەکانی هەولێر- نووسینی عەبدوڵڵا مەلا عەلی بەشی یەکەم وەرگرتووە).

ئەم چایخانەیە یەکێک بووە لە چایخانە بەناوبانگەکانی ئەوکات، بەشی زستانە و هاوینەشی هەبووە و نافوورەیەکی بچووک لە بەشە هاوینییەکەیدا هەبوو، هەروەها وەک چایخانەی عەبۆ قاوەچی و چایخانەی مەچکۆ و چایخانەی سەید سەلیم.

لەم چایخانەیەدا خەڵکانی شاری هەولێر و ئەوانەی لە دەوروبەری شاردا دەهاتن، چێژی چا خواردنەوەیان بەرکەوتووە و زۆر جاریش پیاوماقووڵانی شار و نووسەر و شاعیران و ڕۆشنبیرانیش سەردانی ئەو شوێنەیان کردووە و کردوویانەتە شوێنی یەکتر بینین و گفتوگۆکردن بەتایبەتی لە ڕۆژانی هەینی و ڕۆژەکانی جەژن و بۆنە ئایینییەکان.

هەروەها ئەم زانیارییانەشم لە لاپەڕەی بەڕێز سەید عیسا وەرگرتووە کە دەڵێ: شوێنی ئەم قاوەخانەیە موڵکی خوالێخۆشبوو عەبدوڵڵا شێخۆ بووە و حاجی جەمیل چەلەبی کردوویەتی بە قاوەخانە، دوای ئەوەی حاجی جەمیل کۆچی دوایی کردووە، حاجی مستیل بەکرێی گرتووە و بەردەوام بووە و یەکێک بووە لە چایچییە ئازا و بەتواناکان لە بەڕێوەبردنی قاوەخانەکە، ئەو کەسانەی سەردانی ئەم قاوەخانەیان کردووە هەموویان پیاوی بە ویقاڕ بوونە و هەر گەنجێک ئەگەر هاوسەرگیریی نەکردبایە بۆی نەبوو لەم قاوەخانەیە دابنیشێت.

# لە کەنارەکانی لازقییەوە بۆ
# باوەشی گەرمی هەولێر



ڕەشا عەبدولکەریم





لەو ساتەی کە بڕیارم دا لەگەڵ دایکم بڕۆم، شریتی یادگارییەکان، وەک کۆمەڵە وێنەیەک هاتنەوە بەر زەینم، کە لە کەلێنە شاراوەکانی یادەوەریمدا هەڵواسراون، بەناونیشانی سووریا، ئەو وڵاتەی کە تێیدا لەدایک بووم و خوێندم و لە ئامێزیدا گەورە بووم. لەو ساتەدا، لە خەمی نیشتمان و نیگەرانییم بۆ ڕۆژانی داهاتوو، هەستەکانم تێکەڵ بوون. یادەوەرییەکانی سووریا کە بەشی هەرە بەرچاوی ناسنامەکەم پێک دێنن، لە هەمان سات وێنەی شارێک لەنێو شەپۆلی ئەو یادگارییانەم سەری هەڵدا، ئەو شارەی کە لەو جیهانە تێک چڕژاو و گۆڕاوەدا، دالْدە و پەناگەیەکی ئارامە.

## بووکی کەنار دەریا

لازقییە، شارێکی سوورییایە، دەکەوێتە کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، ئەفسوونێکی تایبەت لە نێوان شاخە سەرکەش و شەپۆڵەکانی دەریا ئارامەکەیدا خۆی حەشار داوە، بۆنی کولێرەی برژاو بە ئاگر، بەسروە بای دەریا دەگاتە لووتی ڕێبواران، بۆیە دەبینی لەسەر کۆنە کورسییە دارینەکان دادەنیشن و سەیری ئاگرە هالایساوەکە دەکەن و لە دەوری چاپەستێکی کۆنی مسواری کۆ دەبنەوە و چاوەڕێی پشکی خۆیان دەکەن لە بابۆڵەی بیبەر و پیاز و لۆرک و پەنیر و جاترە. تێکەڵانە ئەو هەموو بۆن و بەرامە بە چێژە، بەشێک لە کولتووری ئەو شارە پێک دێنن.

شارەکە لەمێژە لە ململانێیەکی درێژخایەندایە، ململانێی نێوان ناسنامەی کولتووری ڕەسەنی خۆی و هەوڵەکانی ڕژێمی سیاسیی پێشوو بۆ شێواندنی و، سەپاندنی وێنەیەکی جیاواز کە ڕەنگدانەوەی کەتواری مێژووەکەی نییە. وێنای دیرۆکی شاری لازقییە هەڵبەستراوە و ساختەیە، بەڵام هێشتا دەخوازێ دوور لەو پاشەگەردانییە سیاسی و پاوانخوازی بفامرێت و ببیسترێت.

دەیان ساڵە ئەم شارە لە هەولْی هەناسەدان و ئاخاوتن و تەنانەت گریاندایە، بۆ ئەوەی بە هەموو جیهان بڵێت کە حەزی لە سیاسەت نییە، خۆی بە لانەی شێران نازانێت، هەرگیز گۆرانیی کەمئاستی بەرهەم نەهێناوە و بازاڕی چەوساندنەوە و ستەمکاریی گەرم نەکردووە. بەڵام ڕژێمی سیاسیی پێشووی سووریا، بە بەرنامە کاریان بۆ سڕینەوەی ناسنامەکەی دەکرد، بۆیە کۆمەڵێک گۆرانیبێژی میللی وا لە ڕووکەش دەرکەوتن، کە ناوەکەیان هەڵگرتبوو، بەڵام گوزارشتیان لە ڕۆحی ئەو شارە نەدەکرد. هەروەها زرێپۆش بەشەقامەکانیدا بڵاو بوونەوە کە گەنجانێک لێیان دەخوڕی، تەنانەت یەک زانیاریشیان سەبارەت بە مێژووی ئەو شارە نەدەزانی، بەڵکو تەواوی ئەو مێژووەیان بۆ تەنیا ساتێک کورت کردەوە، کە بە هاتنە سەر حوکمی یەک خێزان دەستی پێ کرد.

بە کوپێک قاوەی شیرین یان بە گۆتەی خەڵکی شارەکە، عوسمانلی، ماڵئاواییم لە دەریا کرد، لەگەڵ دایکمدا ڕێگای نێودەوڵەتیی نێوان لازقییە و دیمەشقمان بڕی، گەڕەک و کوچە و کۆڵانەکانم بەجێ هێشت کە لە تاریکیدا خنکاون، خەڵکێکی سەر لێ شێواو و داماو، کە چەندین پرسیار سەبارەت بەچارەنووسی شارەکە لەدوای هەشتەمی مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤ شەوی ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد، لە مێشکیاندا خولی دەخوارد، ئایا فەرمانڕەوایانی تازە، مافەکانی ئەو شارە دەگێڕنەوە؟ یان دیسان نوقمی دەریاکانی تۆڵەسەندنەوە و شێواندنی سیاسی دەبێتەوە؟

## پایەتەختی یاسەمین

لە ٢٦ی کانوونی یەکەم، نزیکەی دوو هەفتە دوای ڕووخانی ڕژێمی سیاسی لە سووریا و تەنیا پێنج ڕۆژ پێش کۆتاییی ساڵی ٢٠٢٤، من و دایکم گەیشتینە شاری دیمەشق. شار دەتگوت تازە لە مۆتەکەیەکی درێژخایەن، بەرەو خەونێکی جوان بەڵام ناتەواو، وەئاگا هاتووە. لە گۆڕەپانی ئومەوی ناوەڕاستی شاری دیمەشقدا، ئەسپەکان بە بەیداخی ئیسلامی و شمشێری دیمەشقی کە ئاڵایەکی تازەی پێوە دەشەکایەوە، دەسوڕانەوە. گۆڕەپانەکان لە هەموو لایەکەوە پڕاوپڕ کەلوپەل بوون و بووبوونە دەڵاڵخانە. سەرەڕای ئەو گۆڕانکارییە، بۆنی یاسەمین ئەو ناوەی پڕ کردبوو، دیسان ڕای دەگەیاند کە دیمەشق هەمیشە هەر پایەتەختی یاسەمینە.

لە گۆڕەپانی ئومەوییەوە بەڕێ کەوتین بەلای هێڵی ئاسنیی حیجاز و گۆڕەپانی یوسف ئەلعەزمە، تا گەیشتینە کۆنە شار، هەستم دەکرد بەناو مۆزەخانەیەکدا تێ دەپەڕم کە نوقمی ڕەسەنایەتی و جوانییە. لەگەڵ دایکم لە کافێی نەوفەرا دانیشتم، حەزم کرد کۆنەشارەکە دوا وێستگەی ماڵئاواییم بێت لە دیمەشق، پێش ئەوەی ئۆتۆمۆبێلەکە بگات و بەرەو سنووری سووریا و لبنان هەڵمان گرێت.

## خانمی دنیا

من هەمیشە گوێم لە گۆرانیی «یا بیروت یا ست الدنیا یا بیروت - بەیرووت ئەی خانمی هەموو دنیا» ماجیدە ئەلڕۆمی، خانمە هونەرمەندی لبنانی دەبوو، بەڵام ئەوە یەکەم جارم بوو لەگەڵ دایکم سەردانی ئەو شارە بکەم، بینیم وەکو من کەشەنگ و ماندوو بوو، بە پەشێوییەوە دوای بۆشاییەکی سیاسیی درێژخایەن، خۆی بۆ پێشوازیی سەرۆکێکی تازە ئامادە دەکرد. ڕێگای سەرەکیمان بەرەو فڕۆکەخانە بڕی و بەهەر شارێکدا تێ پەڕین، دایکم فرمێسکی باراند. ئەسرینەکانی دەسڕییەوە و چاکێتەکەی چاکتر لە خۆی لوول دەدا، هەتا خۆی لە سەرما بپارێزێت. لێم پرسی: بۆ دەگری؟ گوتی: من بۆ نیشتمانەکەم دەگریم.

کاتی هەڵفڕینمان بوو، خانمی فڕۆکەکە ڕای گەیاند کەوا گەشتەکەمان بەرەو هەولێری پایەتەختی هەرێمی کوردستان دەست پێ دەکات، ئەو شارەی کە دوو ساڵ لەمەوبەر سەردانم کرد و خۆشم ویست، بەڵام هێشتا پێی ئاشنا نەبووبووم. هەرچەندە ئەوجارە هاتنی ئێمە جیاوازە و، ڕەنگە ماوەیەکی درێژتر بخایەنێت و زیاتر بمێنینەوە، بەڵام سەردانەکەی پێشووم ئارخەیانی لە دڵ ڕواندبووم، منەتباری و پێزانینم بۆ برا کوردەکانم، کە بەدرێژاییی ساڵانی شەڕ، زۆریان بە سوورییەکان بەخشی، بەپێشوازیکردنی گەرم چارەسەری دەرد و برینەکانیان دەکردن.

## شاری خۆر..
## ئێرە هەولێرە، شاری گڕ و ڕووناکی.

گەیشتینە فڕۆکەخانە و خوشکەکەم کە ٤ ساڵە لە هەولێر دەژی و کار دەکات، لە پێشوازیماندا بوو. سەفەرمان دوورودرێژ و پڕ ماندووبوون بوو، یادەوەری و ماڵ و هاوڕێکانمان لە دوای خۆمان بەجێ هێشت، هەرگیز بەتەمای ئەوە نەبووم لە یەکەم ڕۆژەوە لەم شارەدا دڵی گەرم و خوانی ئاوەدان چاوەڕێی ئێمە بن، هەولێر باوەشی بۆ کردینەوە و فرمێسکەکانی ئێمەی سڕییەوە. هەولێریش لە شەڕەکان ڕزگاری نەبووە. زۆر چاک لەوە تێ دەگات کە مرۆڤ ناچار بکرێت ماڵ و خاکەکەی جێ بێڵێت، مانای چییە!

لە قاوەخانە دێرینەکەی مەچکۆوە، چاوم لە قەڵای هەولێر بڕیوە، دەڕوانمە جموجۆڵی ڕێبواران و دەنگی فرۆشیارەکان دەبیستم، خەریکی نووسینەوەی ئەم چیرۆکەم، لە کاتێکدا هەڵمی چای گەرم قاوەخانەکەی داگرتووە و موزیکی جوانی کوردی نەغمە و ئاوازی دڵم دەژەنێت، وەک ئەوەی بەخێرهاتنم بکات و بڵێ: بەخێر بێیت بۆ وڵاتی دووەمت، هەولێر، ئەو شارەی هەرگیز خۆری لێ ئاوا نابێت.



گۆران سەباح

# پێناسەیەکی خۆماڵی بۆ ڕۆشنبیر

ڕۆشنبیرانی مە پێناسەیەکی هەڵەیان بۆ ڕۆشنبیر کردووە، پێشتر باسم کرد. دەبێ پێناسەی ڕۆشنبیر سەرلەنوێ بکرێتەوە. ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە: گوێ دەگرێت. گوێگرتن گرینگترە لە قسەکردن، قورستریشە. قسەکردن ئاسانە و، زۆرجار هەرزانیشە، بەڵام گوێگرتن مرۆڤی ڕۆشنبیری دەوێت.

هزر و بیرکردنەوەی ئازاد بێت. بیرکۆر دایمە خۆی هەڵدەواسێت بەبیرمەندێکی بیانی، ئازاد نییە لە بیرکردنەوە. هەوڵ دەدات تێ بگات لە خۆی و دەوروبەری: بۆ تێگەیین لە شتەکان، هەتا لە بابەتە ئەبستراکتەکانیش، ورد دەخوێنێتەوە. ڕەخنە قبووڵ دەکات. مۆڕەت لێ ناکات و لێت تووڕە نابێت، بگرە سوپاست دەکات کاتێ ڕەخنەی لێ دەگریت. هیچ ڕەخنەیەک بەشەخسی وەرناگرێت و لە دڵی ناگرێت، دێ لێیانەوە فێر دەبێت.

خۆی دەناسێت، دەزانێت بای چەندییە، ئاستی لە کوێیە، کەموکوڕییەکانی چین. هەر کاتێک بۆی دەردەکەوێت کە هیچ نازانێت، هاوار دەکات و دەڵێت، «من هیچ نازانم».

نموونە بێت بۆ خەڵکی دەوروبەری. پێشەنگ بێت لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە. هەست بە بەرپرسیارێتی بکات. هۆشیار بێت، نەکەوێتە ناو گێژاوی هیچوپووچی و ژێر کاریگەریی نەزانەکان. هۆشیاریی خۆراک و تەندروستی و گەشت و ژینگە و وەرزشی هەیە.

سەلامەتە، لە ڕەفتار و نیاز و کردار و گفتی، لێی دڵنیای، هەست بەسەلامەتی دەکەی. پڕت ناداتێ (ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ). واتە مرۆڤێکی دەستپاک و داوێنپاکە. قسە و کرداری یەکە.

لەو شتانە دوورە کە زیانی بۆ سەر جەستە و دڵ و دەروون و مێشکی هەیە. ئەوەی دەیزانێت، بۆ سوودی خۆی و دەوروبەری بەکاری دەهێنێت، واتە تاکێکی سوودبەخشە، هەم بۆ خۆی، هەم بۆ دەوروبەری.

لووتبەرز نییە، خاکەڕایە و تا پێی بکرێت خۆی بچووک دەکاتەوە. خۆبچووککردنەوە ئەوپەڕی گەورەیییە و خۆگەورەکردنیش ئەوپەڕی بچووکییە.

ڕاستگۆ و دژە گەندەڵییە. هەقبێژ و بوێرە. هەلپەرست نییە. مەرد و چاوتێر و نەبەزە. چاوی هەڵدێ بەکەسانی تر و تا پێی بکرێت ڕێنوێنییان دەکات و دەستیان دەگرێت.

دنیابینییەکی فراوانی هەیە، تێڕوانینی بۆ هەموو شتێک فرە ڕەهەند و جوانە. لامل نییە، هەڵە بێت، دەڵێ هەڵەم. (ئەلەددولخیسام) نییە. فەخر ناکات بە چێژوەرگرتنە تایبەتییەکانی ژیانی، پۆزیان پێ لێ نادات. بە کڕی، خەریکی چێژی ژیانی تایبەتی خۆیەتی و تەداخولی چێژی ژیانی تایبەتی کەسیش ناکات.

# هۆڵە وەرزشییەکان دەبنە ماڵی دووەمی ئافرەتان

**کارزان کانەبی**

لەشجوانی یەکێکە لەو یارییە وەرزشییانەی ئافرەتانی هەولێر لە هۆڵە وەرزشییەکاندا بەمەبەستی بەدەستهێنانی لەشولارێکی ڕێک و دابەزاندنی کێش ئەنجامی دەدەن، هەروەها بەشێکیش لە ئافرەتان لەلایەن پزیشکانەوە ئاراستە دەکرێن بۆ ئەوەی ڕوو لە هۆڵە وەرزشییەکان بکەن تا لە ڕێگەی وەرزشەوە گرفتە تەندروستییەکانیان چارەسەر بێت

وارڤین کۆسرەت یەکێکە لەو ڕاهێنەرانەی ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر لە ئارەزوومەندانی ئەم وەرزشە ڕووی تێ دەکەن، ئەو بۆ (گڵکەند) گوتی «بەشێک لەو ئافرەتانەی پێشتر دەچوونە مەلەوانگە و چارەسەری سروشتیان وەردەگرت، ئێستا دێنە لای ئێمە بۆ یاری لەشجوانی و بۆ دابەزاندنی کێشیان، لە هەردوو کاتی بەیانیان و ئێواران ئافرەت سەردانمان دەکەن».

ئاماژە بەوەش دەدات کە بەگشتی ئافرەتان بۆ سێ مەبەست ڕوو لە هۆڵەکەیان دەکەن، بەشێک لە پزیشکان نەخۆشەکانیان دەنێرنە هۆڵە وەرزشییەکان، ژمارەیەکیش لە ئافرەتان بۆ لەشجوانی و لەشرێکی، بەشێکی تریش بۆ کێش دابەزاندن.

وارڤین باس لە کرانەوەی کۆمەڵگە دەکات بەڕووی وەرزشکردنی ئافرەتانەوە، بەتایبەتی کە خۆی ماوەی هەشت ساڵە لە هۆڵە وەرزشییەکان ڕاهێنەرە، پێی وایە لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا لە شاری هەولێر ئافرەتان بە ڕێژەیەکی زۆرتر لە جاران ڕوویان لە وەرزش و هۆڵەکانی کردووە.

لای خۆیەوە زینە ئیبراهیم قوتابیی زانکۆیە و سەردانی





دیمەنێکی وەرزشکردنی ئافرەتان لە هۆڵی Fox Gym

یەکێ لە هۆڵە وەرزشییەکانی هەولێر دەکات، لەمبارەیەوە دەڵێ «بۆ ئەوە دێمە هۆڵەکان تا لەشێکی تەندروست و ڕێکم هەبێت، ماوەی چەند مانگێکە سەردانی ئەم هۆڵە دەکەم و سوودێکی زۆرم بینیوە، تەندروستییم باشتر بووە و دەروونیشم ئارامترە».

ئەفسانە شاکر ڕاهێنەری ئافرەتانە لە هۆڵێکی وەرزشی، خۆشحاڵە بەوەی ئافرەتان هۆشیار بوونەتەوە و دەزانن کە وەرزشکردن چارەسەرێکی بەهێزی زۆربەی کێشەکانیانە، ئەو خۆی لە تەمەنی هەشت ساڵییەوە دەستی بە وەرزش کردووە، بەڵام دەشزانێ کە پیاوان زیاتر حەزیان لە وەرزشە، لە هەمان کاتدا ماوەیەکە ژمارەیەکی زۆری ئافرەتانیش ڕوویان لە وەرزش کردووە.

ئامینە حوسێن بەشداربوویەکی هۆڵە وەرزشییەکانە و بەهۆی نەخۆشییەوە پزیشک ڕایسپاردووە وەرزش بکات، دەڵێ ماوەی سێ مانگە لە ڕێگەی ڕێنماییی پزیشکەوە سەردانی هۆڵی وەرزشی دەکات، لەم ماوەیەدا لە ڕێگەی ڕاهێنەرەوە مەشقەکانی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ئەنجام داوە، وەرزش سوودێکی زۆری بە جەستەی گەیاندووە، دەڵێ پێشتر تەنیا هەولی دەدا بەپێ بڕوات، بەڵام ئێستا بەشێوەیەکی زانستی وەرزش دەکات، هیچ ڕێگرییەکیش نابینێ، بەڵکو لەلایەن خێزانەکەیەوە هاوکاری دەکرێ بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە وەرزشکردن.

# سەید ئەحمەد یەکەم یاریزانی هەولێر کە لە دەرەوەی عێراق یاریی کردووە

**هێمن ئەسکەندەر**

هەولێر لە ڕابردوودا بەردەوام ئەستێرەی درەوشاوەی تۆپی پێی تێدا هەڵکەوتووە، ئەحمەد عومەر ناسراو بە سەید ئەحمەد ناوێکی دیاری مێژووی ئەو وەرزشەیە لە هەولێر، ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵ یاریزان و ناوبژیوان بووە، یەکەم یاریزانی کورد بووە لە دەرەوەی عێراق یاری بکات

سەید ئەحمەد لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، یەکێک بوو لەو وەرزشکارانەی جگە لە یاریی تۆپی پێ، گۆڕەپان و مەیدان و یاریی تۆپی دەست و مەلەوانی و پایسکیلسواری و تۆپی باسکەی ئەنجام داوە، جگە لەوەی ئەستێرەیەکی درەوشاوە بووە، لە هەموو یارییەک کە بەشدار بووە ئەنجام و دەسکەوتی باشی بەدەست هێناوە

لە دیدارێکی (گڵکەند) باس لەوە دەکات کە لە تۆپی پێدا، یاریی بۆ یانەی کرێکاران و یانەی هەولێر و هەڵبژاردەی هەولێر کردووە، بەهۆی ئاست بەرزییەوە لە یەک کاتدا لە تیپی لاوان و پێشکەوتووانی هەولێر یاریی دەکرد، بەهۆی بەهرەکەیەوە لە زۆر یاری بانگهێشتیان دەکرد، لەیاریی تۆپی دەستیش یاریزانێکی بەتوانا بووە، لە هەموو پاڵەوانیەتیی هەڵبژاردە و یانەکانیش بانگیان دەکرد، گۆڵپارێزێکی زۆر باشی یاریی تۆپی دەست بووە، ڕاهێنەر لە هەر شوێنێک ئیشی بەو بووایە لەو شوێنە یاریی پێ دەکرد، لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان لە چەند یارییەک بەشداریی پاڵەوانیەتییەکان کردووە، وەکو هەڵدانی ڕمح و ڕاکردنی ٤٠٠م بەربەست.

چیرۆکی یاریکردنیشی لە دەرەوەی وڵات بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە «دوای ساڵی ١٩٧٩ گەڕامەوە هەڵبژاردەی





هەولێر، دواتر دەبوو ناوم بگەڕێتەوە بۆ عەسکەری، بڕیارم دا بۆ خوێندن بچم بۆ ئوردن لەوێ قبووڵی زانکۆم وەرگرت، ڕۆژێک لە گۆڕەپانی زانکۆکە یاریمان دەکرد، مامۆستای زانکۆکە هاتە لام و پرسی تۆ یاریزانی؟ گوتم بەڵێ لە هەولێر هاتووم و یاریم لە یانە و هەڵبژاردە کردووە، گوتی: بۆ نایەی لە یانەکەی ئێمە یاری بکەی؟ ئیدی پەیوەندیم کرد بە یانەی سەحابی ئوردنی کە لە ڕیزی یانە پلە دووەکان یاریی دەکرد، مووچەیان پێ دەدام و شوقە و سەیارەشیان بۆ کڕیم، گرێبەستم بە ٢٨٠ دیناری ئوردنی بۆ مانگێک لەگەڵ سەحابی ئوردنی ئیمزا کرد، سەیارەیەکی بیجۆی مۆدێلی ١٩٧٧یان بۆ کڕیم و هەر بەو سەیارەیە هاتمەوە هەولێر، ماوەی سێ ساڵ لەو یانەیە یاریم کرد، گۆڵکاری خولەکە بووم بە ١٨ گۆڵ و ناوم لە ڕۆژنامەکانی ئوردن بڵاو کرابووەوە و یانەکەمان سەرخست بۆ خولی پلەیەکی ئوردنی، ئەگەرچی من لە هەڵبژاردەی پەروەردە و هەولێر لە هێڵی بەرگری یاریم دەکرد، بەڵام ڕاهێنەری یانەی سەحاب منی لە هێڵی هێرشبەر یاری پێ دەکرد".

دوای ئەو ساڵە سەید ئەحمەد بووەوە بە یاریزانی یانەی هەولێر و بەردەوام بوو لە یاریکردن لەو یانەیە، پێشتریش لە ساڵی ١٩٧٨ یاری بۆ یانەی هەولێر کردبوو، جگە لەوەی لە ماوەی کاروانی وەرزشی تیپی میللیی ڕۆژگاریشی هەبووە وەک ڕاهێنەری ئەو تیپەش بەردەوام بووە.

سەید ئەحمەد لە بیرەوەرییەکانی بەردەوام دەبێت و دەڵێ دوای ساڵی ١٩٨٦ تووشی پێکان بوو، بۆ ماوەی شەش مانگ لە یاریکردن دوورکەوتەوە، وازی لە یاریکردن هێنا و دەستی کرد بە کاری ناوبژیوانی تا ساڵی ١٩٩٤ گەیشتە ئاستی ناوبژیوانی پلە دووی عێراق، دوای تاقیکردنەوەی ناوبژیوانی پلەیەکی عێراق ئەنجامی تاقیکردنەوەکەی وەرنەگرتەوە و وازی لە کاری ناوبژیوانی هێنا و ڕووی کردە هاندەران، لە شاری بەرلینی ئەڵمانیا گیرسایەوە و لەوێش تیپی کوردانی دامەزراند و لە خولەکانی ئەو شارە بەشداری پێ دەکردن.

خاوەن ئیمتیاز:
**دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ**

سەرنووسەر:
**ڕێبەند سەعدوڵا**

دیزاین:
**ئاراس ئەکرەم**

لۆگۆ و خۆشنووسی:
**بژار ئەربیلی**

دەستەی نووسەران:
**نازم دڵبەند**
**هەژار مەجید**

کوردستان / هەولێر، گەڕەکی سەربەستی

www.gilkend.com
info@gilkend.com
Gilkend is a general-interest weekly paper
published by Kurdistan Chronicle

# گڵکەند

Issue (9), Tuesday 28/1/2025

گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند

